# بەراوردكارییەك
# لە نێوان زمانی كوردی و زمانی عەرەبیدا

**نووسینی**

**د. كامیل حەسەن بەسیر**

**ڕێكخستن و لە چاپدانەوەی**

**د.نەریمان خۆشناو**

چاپی یەكەم / چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق ـ بەغدا ١٩٨٥
چاپی دووەم / چاپخانەی هێڤی ـ هەولێر ٢٠١٣

* ناوی کتێب: بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا

* نووسینی: د.کامیل حەسەن بەسیر

* ڕێکخستن و لەچاپدانەوە د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپیێست و نەخشەسازی: کۆچەر ئەنوەر نایف

* چاپ: دووەم ۲۰۱۳

* چاپخانە: چاپخانەی هێڤی / هەولێر

* تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

* نرخ : ۳۰۰۰ دینار

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ۲۰۱۳ی پێدراوە .

# ناوەرۆك


دەستپێك.................................................٤
دەنگەكانی زمانی كوردی و زمانی عەرەبی و چۆنیەتی نووسینەوەیان............٥
یەكەم: دەنگی كۆنسینەنت.........................................٦
دووەم: دەنگی بزوێن.............................................٧
دەنگی كۆنسینەنتی هاوبەش لە نێوانی زمانی كوردی و زمانی عەرەبیدا...........٧
دەنگی كۆنسیننتی تایبەت بە زمانی كوردی..............................٩
دەنگی كۆنسینەنتی تایبەت بە زمانی عەرەبی.............................٩
دەنگە بزوێنەكان لە نێوان زمانی كوردی و زمانی عەرەبیدا....................١٢
دەنگی بزوێنی تایبەت بە زمانی كوردی.................................١٤
ڕێبازەكانی لەدایكبوونی وشە لە زمانی كوردی و زمانی عەرەبیدا................١٥
ڕێگای یەكەم: (خوازە)...........................................٢٣
ڕێگای دووەم: وەرگرتن...........................................٢٧
ڕێگای سێیەم: داڕشتن و زڕەڕێژ....................................٢٩
ڕێگای چوارەم: داتاشین و لێكدان.....................................٣٨
ڕستەسازی لە زمانی كوردی و لە زمانی عەرەبیدا..........................٤٠
ڕستەی فرمانی لە زمانی عەرەبیدا.....................................٤٤
بەراوردكاری لە نێوان كاتی فرمان لە زمانی كوردی و لە زمانی عەرەبیدا.............................................٤٧
نێرینە و مێینە لە دەربڕیندا.........................................٥١
نەناسێنراو و ناسراو.............................................٧٢

# دەستپێك

بڕیاربوو ئەم تۆژینەوەیەم بەشێك بێت لە كتێبی (بەراوردكاری زمانان) بۆ پۆلی چوارەمی بەشەكانی زمانی كوردی لە زانكۆكانی عێراقدا، كە دانانی بە من و دكتۆر ئەمین عەلی سەعید و دكتۆر محەمەد نوری عارف سپێردرابوو، بەڵام ئەم وانەیە پێش گەیشتنی كتێبەكە بە ڕووناكی لە چاپدان لابرا و لە بەرنامەی خوێندن هەڵگیرا.

جا لەبەر ئەوەی ئەم بەشە لەو كتێبە بەلامەوە لە جوغزی خوێندنی زانكۆیدا پەنگی نەخواردۆتەوە و پەیوەندی بە چەند لایەنێكی زمانەوانی و وەرگێڕانەوە هەیە، بە باشم زانی جۆرە دەستكارییەكی بكەم و بیخەمە بەردەستی ڕۆشنبیرانی كورد و هیوادارم دەرفەت بۆ دكتۆر ئەمین و دكتۆر محەمەد هەڵكەوێت و ئەوانیش بەشەكانیان بڵاوبكەنەوە.

## دەنگەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و چۆنیەتی نووسینەوەیان

کۆئەندامی دەنگسازی لەلای ئادەمیزاددا توانای دروستکردن و وتنەوەی هەموو دەنگێکی هەیە، بۆیە تێبینی دەکرێت کە دەنگەکانی گشت زمانە مرۆڤایەتییەکان تاڕادەیەکی زۆر لەیەك دەچن و لە ڕووی فۆنەتیکەوە هاوبەشی گەلێك لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، هەرچەندە لە هەمان کاتدا لەبەر چەند هۆیەکی ژینگەی و کۆمەڵایەتی هەست بە جیاوازیش دەربارەیان دەکرێ، ئەم ڕاستییە دیاردەیەکی سروشتییە و پەیوەندی بە چۆنیەتی سازکردنی دەنگ و قەوارەی کۆئەندامی دەنگەوە هەیە.

سەرئەنجام دەنگسازی لە زمانی نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر لە ڕێنووس و چۆنیەتی نووسینەوە جیاوازە لەلای هەر نەتەوەیەکدا بێت و وێنەیەکی تایبەتی هەیە.

هۆی ئەم بارە لەوەوە هاتووە کە ڕێنووس و چۆنیەتی نووسینەوەی دەنگ دیاردەیەکی شارستانیەتییە لە قۆناغێکی مێژووییدا بەرپا دەبێت و بە گوێرەی ڕادەی ئەو شارستانیەتییە بێت و وێنەکانی ئەچەسپێن و پەرە دەسەنن و دەبنە ڕێنووسێکی تایبەت بە نەتەوەیەك یاخود سنوورەکەی دەکشێت و دەبێتە دوو نەتەوە یان پتر.

جا ئێمە گەر بمانەوێ لەبەر تیشکی ئەم تێبینییە سەرەکیانەدا بەراوردکارییەکی گشتی لەنێوانی دەنگ و ڕێنووسی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا بەرپا بکەین، دەتوانین بە کورتی بڵێین:ـ

دەنگە ئادەمیزادانە لە نێوانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا سێ کۆمەڵن:ـ

**کۆمەڵی یەکەم: دەنگی هاوبەشە**

**کۆمەڵی دووەم: دەنگی تایبەتییە بە زمانی کوردی**

**کۆمەڵی سێیەم: دەنگی سەر بەزمانی عەرەبییە.**

ئەمە لەڕووی ڕێنووسەوە زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی تاڕادەیەك ئەوە ساغ دەکاتەوە، کە دەنگە هاوبەشەکان تاکە تاکە بە هەمان پیتە عەرەبییەکان دەنووسرێنەوە، بەڵام دەنگە تایبەتییەکانی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی دەستکاری کرا و دەخرێنە بەرچاو، هەروەها نووسینەوەی وشەی کوردی، کە لە کۆمەڵە دەنگێك پێکهاتووە، وێنە و شەقڵێکی تایبەتی دەداتە ڕیزکردنی پیتە عەرەبییەکان.

ئەم تێبینییە سەرەکیانە پێویستیان بە شیکردنەوە و هێنانەوەی نموونە هەیە، بۆیە ئێمەش وا لە خوارەوە درێژە بە باسەکە دەدەین و لەبەر تیشکی هەر سەرنجێکدا دەنگەکان شی دەکەینەوە و چۆنیەتی نووسینەوەیان بە گوێرەی ڕێنووسی هەردوو زمانەکە دەخەینەڕوو.

دەنگەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە تێڕوانینی سازکردنیانەوە دوو بەشی سەرەکین:ـ

## یەکەم: دەنگی کۆنسینەنت

کە لە سازگەیەکەوە دروست دەکرێت بە کپی بەر گوێ دەکەوێت، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێ **(الحروف الصحيحة)** یاخود **(الحروف الصامتة)**.

## دووەم: دەنگی بزوێن

که بۆ بزواندنی دەنگی کۆنسینەنت سازدەکرێت، به زاراوەی عـەرەبی پێـی دەوترێ (**حروف العلة**) یاخود (**الحروف المتحركة**).

ئەم دوو بەشه هەروەکو لەمەو پێش وتمان یان دەنگی هاوبەشن لـه نێـوانی هەردوو زمانەکەدا یاخود دەنگی تایبەتین به زمانێکیان:

## دەنگی کۆنسینەنتی هاوبەش له نێوانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا

دەنگه کۆنسینەنته هاوبەشەکان له نێـوان زمـانی کـوردی و زمـانی عەرەبیـدا نۆزده دەنگن:ـ

| دەنگ | کوردی | عەرەبی | واتا |
|---|---|---|---|
| أ | ئەم | الأمل | هیوا |
| ب | بازاڕ | الباحث | توێژەر |
| ت | تارا | التاجر | بازرگان |
| خ | خەرمان | الخیمة | خێوەت |
| ج | جوان | الجمل | حوشتر |
| د | دەریا | الدلال | نازداری |
| ر | دەروون | الرسول | پێغەمبەر |
| ز | زانا | الزهرة | گوڵ |
| س | سەردار | السماء | ئاسمان |
| ش | شانه | الشتاء | زستان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| غ[1] | غەمبار | الغيمة | هەور |
| ف | فرۆكە | الفلاح | جووتيار |
| ق | قەڵبەز | القومية | نەتەوايەتى |
| ك | كەتيرە | الكنز | خەزنە |
| ل | لەنجە | اللجنة | ليژنە |
| م | مانگ | المصدر | چاوگ |
| ن | ناسك | النهر | رووبار |
| و | وانە | الواجب | پێويستى |
| ه | هاژە | الهام | خورپە |
| ى | يانە | اليأس | نائومێدى |

[1] – (غ) لە زمانى كورديدا دەنگێكى ڕەسەنە، هەروەكو لەم وشانەدا دەردەكەوێ: غەمگين، تيغ، چيغ، چغە.

## دەنگی کۆنسیننتی تایبەت بە زمانی کوردی

دەنگە کۆنسینەنتەکان کە تایبەت بە زمانی کوردین، هەرچەندە لە زاری ڕۆژانە و جلّفەی عەرەبیدا زۆربەیان بەر گوێ دەکەون، بەڵام بە زمانی عەرەبی پەتی وەکو دەنگی ڕەسەن نەهاتوون، ئەم دەنگانەش حەوتن:-

| دەنگ | نموونە |
| --- | --- |
| پ | پار |
| چ | چرا |
| ڕ | ڕەوەند |
| ژ | ژین |
| ڤ | تاڤگە |
| گ | گەردوون |
| ڵ | کەڵ |

## دەنگی کۆنسینەنتی تایبەت بە زمانی عەرەبی

ئەو دەنگە کۆنسینەنتانەکە تایبەتن بە زمانی عەرەبی، زۆرجار بەهۆی وشە وەرگێراوەکانەوە دێنە ناو ئەلف و بێی کوردی و دەخرێنە بەر کارلێکردنی دەنگسازی خۆماڵیمان و دەنگەکانیان دەگۆڕێن، ئەم دەنگانەش هەشت دەنگن:-

| كۆنسینەنتی تایبەت بە زمانی عەرەبی | نموونە | واتە | نموونە بە زمانی کوردی |
| --- | --- | --- | --- |
| ث | البحث | لێکۆڵینەوە | باس |
| ح | الحلاء | شیرین | حەڵوا |
| ذ | الذلیل | ژێردەست | زەلیل |
| ص | الصبر | خۆڕاگرتن | سەبر |
| ض | الضریبة | باج | زەریبە |
| ط | الطائرة | فڕۆکە | تەیارە |
| ظ | الظالم | زۆردار | زاڵم |
| ع | العدالة | دادپەروەری | عەدالەت |

ئەگەر بەراوردکارییەك لە نێوان ئەم نموونانەدا بکەین، بۆمان ساغ دەبێتەوە کە دەنگە کۆنسینەنتە تایبەتەکان بە زمانی عەرەبی لە زمانی کوردیدا جگە لە دەنگی (ح) (ع) (غ)[1] دەگۆڕێن و دەنگسازییەکی کوردی وەردەگرن:-

[1] – لە هەندێ زاری کوردیدا دەنگی کۆنسینەنتی (ع)ی عەرەبی دەبێ بە (ھ)، دەنگی کۆنسینەنتی (ع) دەگۆڕێ بە (أ) بەتایبەتی لە زاری لوریدا، کە (حەسەن) دەبێت بە (هەسەن)، (عەلی) دەبێت بە (ئەلی). هەروەها لە زاری کرمانجی خواردوودا هەندێ جار دەنگی کۆنسینەنتی (ع)ی عەرەبی و دەنگی کۆنسینەنتی (ح)ی عەرەبی دەکرێن بە (ا)

دەنگی (ث)[1] و دەنگی (ص) دەبن بە (س)، دەنگی (ذ)، (ض)، (ظ) دەگـۆڕێن بە دەنگی (ز)، دەنگی (ط)، دەکرێت بە (ت).

---

وەکو وشەی (باس)، کە لە بناغەدا (بحث)ی عەرەبییـە و وشـەی (مامەڵـە) کـە لـە زمـانی عەرەبیدا (معامله)یە.

[1] – (ث) هەندێ جار کۆنسینەنتی (ث)ی عەرەبی لە زمـانی کوردیـدا دەبـێ بـە (ز)، وەکـو وشەی (غەوز) کە لە بناغەدا (غەوث) بووە.

## دەنگە بزوێنەکان لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا

ئەم دەنگانە بە گوێرەی پێوانەی هاوبەشی و تایبەتی دوو جۆرن:ـ

دەنگی بزوێنی هاوبەش لە نێوان هەردوو زمانەکەدا. ئەمانەی خوارەوەن:ـ

| دەنگ | نموونە بە کوردی | نموونە بە عەرەبی | واتا |
|---|---|---|---|
| ە ، َ الفتحة | سەبەتە | السلە | سەبەتە |
| ا،ـ أ ألف | باز | التابع | شوێن پێ هەڵگر |
| و،ُ الضمة | کورت | القُفل | قوفڵ |
| وو، واو الجماعة | سوور | قالوا | وتیان |
| یـ ، ي | کانی | النادی | یانە |

ئەگەر بە وردی سەرنج لەم نموونانە بدەین، چەند تێبینییەکمان بۆ ساغ دەبێتەوە:ـ

**یەکەم:** بزوێنی کورتی (ا) ئەلف کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێ (الفتحة)، لە زمانی کوردیدا پیتی (ە)یان بۆ سازکردووە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا لە کاتی سەرو بۆرکردنی وشەدا نیشانەی فتحە (ـَ)ی بۆ دانراوە.

دەنگی کورتی بزوێنی (واو)یش کە بە عەرەبی پێی دەوترێ (الضمة)، بە پیتی واو لە وشەی کوردیدا دەردەبرێ، بەڵام کورتە بزوێنی (ی) کە بە عەرەبی پێی دەوترێ الکسرە (/) هەندێ جار لە زمانی کوردیدا دەیکەین بە (ی)، بەتایبەتی لەباری خستنەپاڵ و ئیزافەدا. وەکو کتێبی بیرکاری هەندێ جاریش

هـيچ پيتێـك بـۆ دەربڕينــی ســازناكرێت، وەكـو كورتــە بزوێنــی دوا بــەدوای كۆنسينەنتی دەنگی (ژ) لە وشەی (ژن)دا.

**دووەم:** دەنگی بزوێنی (أ) ئەلف لـە زمـانی عەرەبيـدا، هەنـدێ جـار دەبێـژرێ، بەڵام پيتەكە نانوسرێتەوە، وەكو وشەی (لكن) و، وشەی (هذا) كە دوا بـە دوای كۆنسينەنتی (ل) و كۆنسـينەنتی (هـ)ی بزوێنــی (ا) بـە ڕوونـی بێـژراوە. هەنـدێ جاريش ئەم بزوێنــە نابێـژرێ، كەچـی پيتەكـەی دەنووسـرێتەوە، هـەروەكو دوا بـەدوای جێنـاوی (واو الجماعـە) لەگـەڵ فرمـانی رابـوردوودا بەرچـاو دەكـەوێت، وەكو قالوا ذهبوا... هتد.

**سێيەم:** دەنگـی بزوێنـی (ا) ألـف لـە ڕێنووسـی كورديـدا هەميشـە لـە كۆتـايی وشەكانەوە بە ئـەلفی درێـژ دەنوسـرێتەوە، وەكـو وشـەی (دانـا، زانـا، تـارا)... هتد، بـەڵام لـە ڕێنووسـی عەرەبيـدا دوو پيـت هەيـە، كـە ئـەلفی درێـژ و ئـەلفی مــراوين. وەكــو: وشــەی (العصــا) كــە بــە ئــەلفی درێــژ نووســراوە و وشــەی (المستشفى) كە بە ئەلفی مراوی پيشان دراوە.

بنەواشەی ئەم بابەتە ڕێنووسييە لە سێ خاڵدا ڕەچاو كراوە:ـ

١ـ ئەگەر وشەكە دەنگەكانی لە سێ پيت زياتر بوو، دەنگی ئەلفەكەی هەميشـە بە ئەلفی مراوی دەنووسرێتەوە، وەكو (المنتـدى)، واتـە يانـە، (المرعـى)، واتـە (لەوەرگا)، (المستشفى) واتە (خەستەخانە).

٢ـ ئەگەر دەنگی ئەلف لە وشەيەكی سـێ پيتيـدا هـاتبوو، پێويسـتە بناغەكـەی بەهۆی فرمانی مضارع يان چاوگی وشەكەوە بدۆزرێتەوە:ـ

جا ئەگەر ئەو ئەلفە لە بناغەدا واو بوو، بە ئـەلفی درێـژ تۆمـار دەکرێـت، وەکـو وشـەی (العصـا) واتـە (دار) کـە ئەلفەکـەی واوە بـە بەڵگـەی فرمـانی مضـارعی وشەکە، کە (یعصو)ە.

٣ـ ئەگـەر دەنگـی ئـەلف لـە وشـەیەکی سـێ پیتیـدا هـاتبوو، ئـەو ئەلفـەش بـە گوێرەی فرمـانی ڕانـەبردوو یـان چـاوگی وشـەکە بزوێنـی (ێ) بـوو یـان بزوێنـی ئەلف بوو، ئەو ئەلفە بـە پیتـی ئـەلفی مـراوی بەرچـاو دەخرێـت، وەکـو وشـەی (هدی)، کە ئەلفەکەی بزوێنی (ی)یە، بە بەڵگەی (یهدی) کـە فرمـانی مضـارعی وشەکەیە.

## دەنگی بزوێنی تایبەت بە زمانی کوردی

دەنگی بزوێنی تایبەت بە زمانی کوردی، بە دوو پیت ڕێنووس دەکرێت:

یەکەمیان:ـ بزوێنی واوی کراوەیە، کە بە پیتی (ۆ) بەرچاو دەخرێـت، هـەروەکو لەم وشانەدا تێبینی دەکرێت (بۆ، چەقۆ، هەڵۆ).

دووەمیان:ـ بزوێنی (ێ)ی کراوەیە، کە بـە پیتـی (ێ) ڕێنـووس دەکـرێ، وەکـو ئەم وشانە: (تێر، ترێ، هەرمێ).

## ڕێبازەکانی لەدایکبوونی وشە لە زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا

بەردی بناغەی وشە لە زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا وەکو هەموو زمانە ئادەمیزادییەکان دەنگە:

**تێبینی:** سەرەتای لەبەر دەستی ئەم بنەواشەیەدا ئەوەیە لە زانستی زمانی عەرەبیدا دەوترێ: وشەی عەرەبی ڕەسەن نییە بە دەنگی کۆنسینەنت دەست پێ کرابێ، بەڵکو هەر دەبێ بە کۆنسینەنتی بزوێنراو هەنگاوی یەکەمی لەدایك بوونی وشە هەڵبگیرێ. جا ئەم دەنگە کۆنسینەتە بە کورتە بزوێنی سەر و بۆر کرا بێ یان بە بزوێنی درێژ دەربرابێ، وەکو وشەی (مُحَمَدْ) کە کۆنسینەنتی (م)کەی بە کورتە بزوێنی واوی بزوێنراوە و وشەی (ماجد) کە دەنگی کۆنسینەنتی میمەکەی بە بزوێنی ألفی درێژ گوشینەکەی بەربووە، کەچی لە زمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە هەمیشە بەرگوێ ناکەوێ، چونکە تێبینی دەکرێت کە هەندێ وشەی کوردی رەسەن هەیە هەنگاوی یەکەم و هەنگاوی دووەمی لە دایکبوونیان دوو کۆنسینەنتە، وەکو وشەی (سمۆرە)، کە دەنگی یەکەمی کۆنسینەنتی (س)نە و دەنگی دووەمی کونسینەنتی (م)یمە.

سەرئەنجام لێرەدا دەتوانین جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان لە دایکبوونی وشەی کوردی و وشەی عەرەبیدا دەست نیشان بکەین و بڵێین:

**ڕاستی یەکەم:** وشەی عەرەبی کە لەدایك دەبێت، پێویستە یەکەم دەنگی کۆنسینەنت بێ و دووەم دەنگی بزوێنی بێت، بەڵام وشەی کوردی مەرج نییە لەم ڕێبازەوە لەدایك بێت، چونکە دەشێ وشەی کوردی دەنگی یەکەم و دەنگی دووەمی هەردووکیان کۆنسینەنت بن.

هەر چۆنێك بێت ئەم جیاوازییە ڕەنگە دیاردەیەكی گرنگ نەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە زاناكانی دەنگسازی كوردی لە ڕوانگەی ئەو جیاوازیەوە قەوارەی وشەی كوردی لەسەر یەكیەتی بڕگەدا شیدەكەنەوە و لێی دەدوێن و سەرنج بۆ ئەوە ڕادەكێشن كە بەردی بناغەی وشەی كوردی هەرچەندە یەكیەتی دەنگە، بەڵام دەنگ خۆی لەخۆیدا ئەركی لەدایكبوونی وشە ناگێڕێ، بەڵكو ئەم ئەركە بەهۆی بڕگەوە ئەنجام دەدرێت:ـ

**بڕگەش:** ئەو بێژەیە كە بە جارێك لە دەم دێتە دەرێ، وەكو بڕگەی (ئاس) و بڕگەی (مان) لە وشەی (ئاسمان).

**بڕگە لە زمانی كوردیدا:** دەشێ لە كۆنسینەنتێك كە دەنگە بزوێنێك لە بێژاندا یارمەتی **بدات پێك بێت، وەكو:ـ**

| بڕگە | كۆنسینەنت | بزوێن |
|---|---|---|
| بۆ | ب | ۆ |
| موو | م | وو |
| سی | س | ی |
| مە[1] | م | ە |
| نا | ن | ا |

هەروەها بڕگە دەلوێ لە دوو كۆنسینەت پێك بێت، بزوێنێك لە بێژاندا یاریدەی بدات، وەكو:

[1] – (مە) لە زاری لوڕیدا بە واتای (من) هاتووە.

| **برگه** | **کۆنسینەنت** | **بزوێن** |
| --- | --- | --- |
| **سێو** | **س، و** | **ێـ** |
| **شاخ** | **ش، خ** | **ا** |
| **پوور** | **پ، ر** | **وو** |

برگەش دەشێ لە سێ کۆنسینەنت و دەنگە بزوێنێکی یاریدەدەر سازکرابێ، وەکو:ـ

| **برگە** | **کۆنسینەنت** | **بزوێن** |
| --- | --- | --- |
| **گۆشت** | **گ، ش، ت** | **ۆ** |
| **بەرد** | **ب، ر، د** | **ە** |
| **خوار** | **خ، و، ر** | **ا** |

لەم نموونانەوە تێبینی دەکرێت، کە ئەو برگانە وشەی سەربەخۆن، بەڵام نابێ ئەم تێبینییە وامان لێ بکات، کە بزانین وشەی کوردی هەر لە یەك برگە پێکهاتووە و لەسەر بناغەی یەکیەتی برگەدا لەدایکبووە، چونکە لە فەرهەنگی کوردیدا وشە هەیە لە یەك برگە پێکهاتووە، وەکو: (تۆ، چوو، لە)، وشەش هەیە لە دوو برگە یان پتر سازکرابێ، وەکو وشەی (کانی، پیاز، کوورە)، کە هەر وشەیەکیان لە دوو برگە پێکهاتووە، وشەی (سەرکەوتن) و وشەی (مەلەوان) و (چۆلەکە) کە هەر یەکێکیان لە سێ برگە سازکراوە.

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییە زمانییەدا زاناکانی زمانی کوردی بیروڕایان وایە کە پێوانەیەکمان نییە بۆ پێوانی قەوارەی بناغەی وشەی کوردی و بڕیاردانی دەنگی بنەڕەتی و دەنگی زیادە لەم قەوارەیەدا.

بەڵام باری وشەی عەرەبی بەم چەشنە نییە، چونکە زاناکانی ئەم زمانە لەسەر دوو ڕاستیدا دەرهەق بە قەوارەی وشەی عەرەبیان لە سێ دەنگی ڕەسەن یان لە چوار دەنگی ڕەسەن پێکهاتووە.

**ڕاستی دووەم:** ئەوەیە کە ئەگەر هاتو وشەیەکی عەرەبی دوو دەنگی بەرگوێ کەوت دەنگە سێیەمەکەی لەبەر هۆیەك فڕێدراوە.

هەروەها ئەگەر هاتو وشەی سێ دەنگی ڕەسەن و چوار دەنگی ڕەسەن دەنگێك یان پتر تێیاندا بەدی کرا، ئەو دەنگە زیادە، کە ڕەسەن نییە. جا لەبەر تیشکی ئەم دوو ڕاستییەدا بۆ کێشانی وشەی عەرەبی شیکردنەوەی دەنگەکانی، زاناکان دوو پێوانەیان ڕەچاوکردووە:-

**پێوانەی یەکەم: کێشی (فَعَلَ)یە:-**

دەنگی (ف) لەم پێوانەیەدا بەرامبەر بە دەنگی ڕەسەنی یەکەمی وشەکە دانراوە و دەنگی (ع) بەرامبەر بە دەنگی ڕەسەنی دووەمی وشەکە و دەنگی (ل) بەرامبەر بە دەنگی ڕەسەنی سێیەمی هەمان وشە سازکراوە، وەکو:

| وشە | کێش |
| --- | --- |
| أرض | فَعْل |
| قُفْل | فُعْل |

| | |
|---|---|
| تيْن | فِعْل |
| كَتَبَ | فَعَلَ |
| ضُرِبَ | فُعِلَ |
| فَرِحَ | فَعِلَ |
| قالَ | فَعَلَ |

**پێوانەی دووەم: کێشی (فَعْلَلَ)یە:**

کە بۆ کێشانی وشەی چوار دەنگی ڕەسەن سازکراوە، هەروەکو چۆن لە پێوانەی یەکەمدا دەنگی (ف) و (ع) و (ل) بەرامبەر بە دەنگی ڕەسەنی یەکەم و دووەم و سێیەمی وشەکە دانراوە، دەنگی (ل)ی دووەمی ئەم کێشە بەرامبەر بە دەنگی ڕەسەنی چوارەمی وشە کێشراوەکە دانراوە، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:ـ

| وشە | پێوانە |
|---|---|
| دَحْرَجَ | فَعْلَلَ |
| طَمْأَن | فَعْلَلَ |
| زَلْزَلَ | فَعْلَلَ |
| بَعْثَرَ | فَعْلَلَ |

لەم نموونانەدا دوو تێبینی سەرەکیمان بۆ ساغ دەبێتەوە:ـ

**تێبینی یەکەم:**

لە کێشانی وشەی عەرەبیدا سەر و بۆر و ژێر و نابزوێن، واتە: السکون، کە لە دەنگی وشە کێشراوەکە بەر گوێ دەکەون، پێویستە وەکو نیشانە لە دەنگەکانی پێوانەکەش بەرگوێ بکەون: بە مانای ئەوەی سەر و بۆر و ژێر و نابزوێنی وشە بە پیت بەرچاو ناکەون، چونکە هەروەکو لەمەوبەر وتمان ڕێنووسی عەرەبی پیتی سەربەخۆی بۆ بزوێنی کورت سازنەکردووە.

**تێبینی دووەم:**

وشەی کێشراو ئەگەر هاتو دەنگێکی ڕەسەن یان پتری لێی فڕێ درابوو، پێویستە دەنگە بەرامبەرەکەی لە پێوانەکە فڕێ بدرێ، وەکو:

| **وشە** | **کێش** | **واتا** |
| --- | --- | --- |
| **قُلْ** | **فُلْ** | **بڵێ** |
| **قِفْ** | **عِلْ** | **بوەستە** |
| **قِ** | **عِ** | **پارێزگاری بکە** |

(قِفْ) وشە بنەڕەتییەکەی (وَقَفَ)یە، دەنگی (و)ی کە دەنگی یەکەمە فڕێدراوە، بۆیە بەرامبەرەکەی کە دەنگی (ف) نییە، لە پێوانەکەدا لابراوە لە وشەی (قُلْ)دا، کە وشە بنەڕەتییەکەی (قال)یە، دەنگی (ع)ی نەهەڵگیراوە، وشەی (قِ) کە لە یەك دەنگی ڕەسەن پێکهاتووە، وشە بنەڕەتییەکەی (وَقَیَ)یە، دەنگی (و) دەنگی (ی) ئەلفی مراویەکەی کە هەردووکیان فڕێ دراون بەرامبەرەکانیشیان کە دەنگی (ف، ل)ن لە پێوانەکە، هەڵگیراون.

تێبینی سێیەم: ئەگەر هاتو دەنگێکی زیادە یان پتر خرایە سەر وشەیەکی سێ دەنگی ڕەسەن یان چوار دەنگی ڕەسەن، پێویستە لەهەمان کاتدا بخرێتەسەر پێوانەکە، وەکو:-

| وشە | پێوانە | واتا |
|---|---|---|
| ناصَرَ | فاعَلَ | پشتگیری کرد |
| افتتَحَ | افْتَعَلَ | کردەوە |
| انکَسرَ | انفَعَلَ | شکا |
| استخْرجَ | اسْتَفْعَلَ | دەری هێنا |
| تَدَحْرجَ | تَفَعْلَلَ | گلۆربوەوە |

لە وشەی (ناصر)ەدا دەنگی ئەلف زیادەیە، بۆیە ئەم دەنگە لە شوێنی خۆیدا خراوەتەسەر پێوانەی دەنگە ڕەسەنەکانی (نصر)ە و بووە بە (فاعل).

وشەی (افتتح) دەنگی (ا) و دەنگی (ت) خراونەتە سەر دەنگە ڕەسەنەکانی (فَتَحَ)ە و پێوانەکەی لە وشەی (انکسر) دەنگی (ا) همزە و (ن) نون زیادەن، بۆیە خراونەتە سەر پێوانەکەی لە وشەی (اسْتَخرَجَ) سێ دەنگی زیادە لە قەوارەکەیدا بەرگوێ دەکەون، بۆیە ئەم دەنگانەش، واتە (ا) همزە و (س)، (ت) خراونەتە سەر پێوانەکەی و بووە بە (اسْتَفْعَلَ) لە وشەی (تَدَحْرَجَ) کە وشە بنەڕەتییەکەی (دَحْرَجَ)یە و پێوانە ڕەسەنەکەی (فَعْلَلَ)یە، دەنگی (ت) زیادە و ئەم دەنگە زیادەش خراوەتە سەر پێوانە ڕەسەنەکەی بووە بە (تفعلل).

له زانستی زمانی جیهاندا ڕاستییەکی مێژووی ڕەچاوکراوە، کە دووپاتی دەکاتەوە: واتا لەبەر ئەوەی بەرهەمی بیرکردنەوەی ئادەمیزادە و هەمیشە لە پەرەسەندن و خەملاندنی گشت لایەنەکانی ژیانەوە هەڵدەقوڵێ، ناتوانرێ بۆ زیادبوون و لەدایکبوونی سنورێك دابنرێ، بەپێچەوانەی وشەوە کە ژمارەکە چەند زۆربێت لە هەموو زمانێکدا ئەم زۆربوونەی بەندە بە دەنگە زمانییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردا.

ئەم ڕاستییە کێشەیەکی زمانی لەبەر دەستی زمانەوانەکاندا بەرپا دەکات و هانیان دەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، چونکە ئەگەر لە ئاستی ئەم کێشەیەدا دەستەو ئەژنۆ دابنیشن، بڕیاری دواکەوتنی زمانەکەیان دەدەن و ڕێگای دەربڕین لە بیر و شمەکی تازە و خولقێنراو پێ دەگرن، زمانەوانە کورد و عەرەبەکان لەم کۆڕەدا پاش لێکۆڵینەوەی هەردوو زمانەکەیان و ووردبوونەوە لە شوێنەوار و فەرهەنگەکانیان، توانیویانە ڕێگا بۆ لەدایکبوونی وشەی واتا تازە و نوێباو دەست نیشان بکەن. ئەم ڕێگایانەش لە سووچی بەراوردکاری زمانی کوردی و عەرەبییەوە بە زۆری ئەمانەن:

## ڕێگای یەکەم: ( خوازە )، واتە ( المجاز )

خوازە زاراوەیەکی زمانی و ڕەوانبێژییە، چەمکەکەی بەوە دەست نیشان دەکرێت، کە گواستنەوەی وشەیەکە لە مانایەکەوە بۆ مانایەکی دی، بە مەرجێك لە نێوانی هەردوو ماناکەدا چەشنە پەیوەندییەك هەبێت.

ڕێگای خوازە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا بە دەیان بەڵگەی فەرهەنگی و ڕەوانبێژی لە مێژەوە هەستی پێکراوە و زمانەوانەکان بەهۆیەوە لە هۆیەکانی پەرەسەندن و زیادبوونی واتای وشەی کوردی و وشەی عەرەبی تەماشایان کردووە.

ئەم ڕاستییە لێرەدا پێویستی بە تێبینییەك هەیە بۆ دەست نیشان کردنی ڕادەی ژمارەی وشە کوردییەکان و وشە عەرەبییەکان، کە بەهۆی ڕێگای خوازەوە لەدایکبوون، ئەم تێبینییەش ئەوەیە ڕێبازی خوازە لە زمانی عەرەبیدا ئێجگار فراوان و بەرینە، وشە عەرەبییەکان کە بەهۆیەوە لەدایك بوونە تا بڵێی زۆرن.

بەڵگەشمان بۆ چەسپاندنی ئەم تێبینییە ئەوەیە زانای موسڵمانی بەناوبانگ (الزمخشری) فەرهەنگێکی گەورەی بەناونیشانی (اساس البلاغة) داناوە، بناغەی ڕەوانبێژی بۆ کۆکردنەوەی وشە و دەربڕینە خوازەیە عەرەبییەکانی داناوە.

هەروەها زمانەوان (ابن فارس) فەرهەنگە بەناوبانگەکەی (مقاییس اللغة)، واتە پێوانەکانی زمان بۆ شیکردنەوەی واتا جۆر بەجۆرەکانی وشەی عەرەبی سازکردووە.

له زمانی کوردیدا باری وشەی خوازەیی بەو جۆرە فراوان نییە، چونکە ژمارەیان کەمە و بە دەگمەن سازدەکرێن، بەتایبەتی لە کۆڕی فەرهەنگ و زاراوەسازیدا. لە زانستی زماندا سێ بناغەی سەرەکی بۆ گواستنەوەی وشەیەك لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر دەست نیشان کراون:ـ[1]

**یەکەم:** بناغەی فراوانکردنی واتای وشەیەك، کە بەر لە واتا خوازەییەکەی بۆ مانایەکی تایبەتی دەست نیشان کراو بەکارهێنراوە.وەکو: وشەی (سەرچاوە)، کە لە زمانی کوردیدا بۆ مانای (شوێنێك هاتووە کە ئاوی کانی یان کارێزی لێ دەرکەوتبێ) [2]، ئەمجا ئەم وشەیە ماناکەی فراوان کرایەوە و بۆ واتایەکی گشتی کە هەموو شتێکی ماددی یان بیری لێوە وەردەگیرێ سازکراوە و ئێستا دەوترێ **(ئەم کتێبە سەرچاوەی ئەم وتارەیە)**، **(کۆمەڵگا سەرچاوەی نەریت و خووڕەوشتە)**، **(پارە سەرچاوەی بەختیارییە)**.

لە زمانی عەرەبیش بۆ نموونە وشەی (البیت)، تەنها بۆ مانای شوێنی نووستن سازکرابوو، بەڵام وردە وردە ئەم وشەیە لە مانا تایبەتییەکەیەوە چووە دەرەوە و ئێستا بۆ چەند واتایەکی تری فراوان بەکاردێت و دەوترێ:

**(بیت الشعر)**، واتە دێرە هۆنراوە.

**(بیت القصید)**، واتە مەبەستی سەرەکی **(بیت الداء)**، واتە **(مەڵبەندی نەخۆشی)**.

---

[1] – بڕوانە کتێبی فقە اللغە و خصائص العربیە: محمد مبارك، چاپی دووەم، ١٩٦٤، چاپخانەی دار الفکر الحدیث ـ لبنان، ل ٣٠٨ ـ ٣٠٩.

[2] – بڕوانە فەرهەنگی خاڵ، ج ٢.

**دووەم:** بناغەی تایبەتی کردنی واتای وشەیەك، کە لەمەوبەر بۆ مانایەکی گشتی و ئەرکێکی فراوان بەکارهێنرابێت.. وەکو وشەی (کێش) [1]، کە لە زمانی کوردیدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو شتێك بە تەرازوو بەکارهاتووە، ئێستاش لە زانستی زمان و وێژەدا تەنها بۆ کێشانی دێرە هۆنراوە سازکراوە.

نموونەمان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بناغەیە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الحج)ە، وشەی (الحج) لە فەرهەنگی عەرەبیدا بۆ هەموو سەرلێکدانێك دانراوە کەچی ئێستا تەنها بۆ سەرلێدان و زیارەتی ماڵی خوا لە وەرزێکی تایبەتیدا بەکاردەهێنرێ.

**سێیەم:** بناغەی لێکچواندن و جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانی واتا دێرین و واتا خوازەیی وشە وەکو وشەی (بازنە) [2] کە ماناکەی لە زمانی کوردیدا تەوقێکە لە ئاسن وەك بازن دروست دەکرێ و لە شتێك دەگیرێ کە درزی تێ بووبێ، ئێستاش لە زانستی ئەندازیاریدا بۆ جۆرە هێلێك بەکاردێت، بناغەکەی ئەم بەکارهێنانەش هەڵبەت چەشنە لێکچوونێکە لە نێوان ئەم هێڵە و ئەو پارچە ئاسنەدا.

نموونەیەکی تر وشەی (قاچ) بێت، کە بۆ ئادەمیزاد بەکاردێت، لە هەمان کاتیشدا بۆ (مێز) سازدەکرێت و دەوترێ (قاچی مێزەکە)، هۆی سازکردنی وشەی قاچ بۆ مێز و کورسی و ئەم جۆرە شتانە چەشنە پەیوەندییەکە لە نێوانی ئەرکی وشەی قاچ لەم بارەدا. لە زمانی عەرەبیدا بۆ ئەم بناغەیە

---

[1] – بڕوانە فەرهەنگی خاڵ، ج ٣.

[2] – بڕوانە فەرهەنگی خاڵ، ج ١.

نموونەی زۆر هەیە، لەم نموونانە وشەی (الطائرة)، کە لە بناغەدا ئاوەڵناوێکە بۆ هەموو باڵندەیەك پاش دروست کردنی فڕۆکە هەمان وشە بۆ ئەم شتە داهێنراوە و بەکاردێت، چونکە لە نێوانی باڵندە و فڕۆکەدا چەشنە لێکچوونێك هەیە. هەروەها وشەی (الحد)، کە لە بناغەدا بۆ دەمی شمشێر و چەقۆ بەکارهێنراوە و وتراوە: **(حد السيف)** و **(حد السكين)**، بەڵام لە دوایدا بۆ سزای یاساش سازکراوە و دەوترێ: **(حد الجريمه القانونى)**، واتە **(سزای یاسایی تاوانەکە)**.

## ڕێگای دووەم: وەرگرتن

لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە زمانی و شارستانیەتیەدا، کە دووپاتی لەبنهاتنی وشە دەکات، لەچاو واتا و شمەکەکاندا، دەتوانین بڵێین: لەسەر ئەم زەویەدا زمانێکی نەتەوایەتی نییە وشە لە زمانێك یان لە چەند زمانێکی بێگانەوە وەرنەگرێت، بۆیە ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی لەدایکبوون و سازکردنی وشە لە زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، کە بەهۆیەوە بە سەدان وشەی بێگانە لەم دوو زمانەدا بەرچاو دەکەون، بەتایبەتی ئەو وشانەی کە لە زمانی دراوسێ و هاوپەیوەندییە جۆر بەجۆرەکانەوە وەرگیراون. بۆ نموونە زمانی کوردی وشەی کتێب و قوتابی و کلۆج و ئەنقەست و لە زمانی رووسی وشەی سروشت و میهرەبان لە زمانی فارسی وشەی تلفون و زۆربەی زاراوە شارستانییەتییەکان لە زمانی لاتینییەوە وەرگرتووە. لە زمانی عەرەبیشدا دەڵێن وشەی (المرج) و (المروج) لە وشەی (مێرگ)ی کوردییەوە داڕێژراوە و وشەی (خندق) لە وشەی (کەندە)ی فارسییەوە سازکراوە و وشەی (الفردوس) لە وشەی (پەرەدایس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە[1]: وشەی وەرگیراو هەروەکو لەم نموونانەوە ئاشکرا و دیارە چ لە زمانی کوردی چ لە زمانی عەرەبیدا هەروەکو چۆن لە زمانە ڕەسەنەکەی بووە نەماوەتەوە، بەڵکو خراوەتە ژێر کارتێکردنی دەنگسازیی زمانە وەرگرەکەوە و بەرگی فۆنۆتیکی خۆماڵی کراوە بە بەریدا و بووە بە داڕێژراوێکی تازە.

[1] – بڕوانە کتێبی المعرب دانانی الجوالیقی.

بۆیە ئەم ڕێگایە بەرێ و شوێنێکی ڕەسەن بۆ پەرەپێدانی وشەی زمانە زێندووەکان لە قەڵەم دەدرێ.

## ڕێگای سێیەم: داڕشتن و زرەڕێژ

زاراوەی داڕشتن لێرەدا بەرامبەر بە زاراوەی (المشتق)ی عـەرەبی و زاراوەی زرەڕێژە بە واتای (القیاس) سازکراون ئەم دوو زاراوەیە پێکـەوە ڕێگایـەکی دوو لقی بۆ لەدایك بوون و دانانی وشەی تـازە دەسـت نیشـان دەکـەن: داڕشـتن لـە زمانی کوردیدا ئەو وشە سادانە پێناسە دەکـات کـە بـەهۆی پێشـگری (هـەڵ) و وشەی (کەوت) داڕێژراوە و وشەی (ئاسنگەر) کە لە وشەی، (ئاسن) و پاشـگری (گەر) دروست کراوە.

زاراوەی (المشتق) لە زمانی عەرەبیدا ئاوەڵناوێکە بۆ حەوت جـۆرە وشـەکە لە چاوگ یان لـە فرمانـەوە دادەڕێـژرێن، ئـەم حـەوت جـۆر وشـەیەش ئەمانـەی خوارەوەن:-

### ١- ناوی بکەر (اسم الفاعل):-

**نـاوی بکـەر:** کـە لـە فرمـانی سێ دەنگییـەوە بـە زیـادکردنی (ئـەلفێك) دوا بەدوای دەنگی (ف)ێی فرمانەکە، واتە دەنگی یەکەم دروست دەکرێ، وەکو:-

| فرمان | ناوی بکەر |
|---|---|
| کتب | کاتب |
| درس | دارس |
| نجح | ناجح |

بەڵام ئەگەر هاتو فرمانە عەرەبییەکە دەنگەکانی لە سێ دەنگ زیاتر بوو، ناوی بکەرەکەی لە فرمانی مضارعەوە وەردەگیرێ پاش گۆڕینی پیتی مضارعەکەی بە دەنگی میمێکی بۆرکراو (مُـ) دانانی بزوێنی (کسر) لەژێر دەنگی پێش کۆتاییەکەی، وەکو:

| فرمان | ناوی بکەر | واتا |
|---|---|---|
| دحرج - یدحرج | مدحرج | گلۆرکەر |
| انطلق - ینطلق | منطلق | دەربازبوو |
| استخرج - یستخرج | مستخرج | دەرهێنەر |

**٢ـ ناوی کراو (اسم المفعول): ـ**

ئەم جۆرە وشە داڕێژراوە، لەبەر تیشکی یەکێك لە دوو بنەواشەیە دادەڕێژرێ:ـ

**یەکەم:** ئەگەر هاتو فرمانەکە سێ دەنگی بوو لەسەر کێشی (مفعول) واتە بەزیادکردنی میمێکی فتحەدار پێش دەنگی یەکەمی فرمانەکە و زیادکردنی واو دوا بەدوای دەنگی دووەمی سازدەکرێت وەکو:ـ

| فرمان | ناوی کراو (اسم المفعول) | واتا |
|---|---|---|
| قُتِلَ | مقتول | کوژراو |
| كَسِرَ | مکسور | شکێنراو |
| سُرِقَ | مسروق | دزراو |
| كُتِبَ | مکتوب | نووسراو |

**دووەم:** ئەگەر فرمانەکە لە سێ دەنگ پتر بوو، ناوی کراوەکەی وەکو ناوی بکەری ئەم جۆرە فرمانانە سازدەکرێت، بە دانانی بزوێنی (فتحە) لەسەر دەنگی پێش کۆتایی، وەکو:ـ

| فرمان | ناوی کراو | واتا |
|---|---|---|
| اخرج ـ أُخرج | مخرج | دەرکراو |
| اُعطی ـ أُعطي | معطی | بەخشێنراو |
| استنجد ـ أستنجد | مُستنجَدْ | پەناپێبراو |

## ٣ـ ئاوەڵناوی وەك ناوی بکەر و ناوی کراو (الصفه المشبهه باسم الفاعل واسم المفعول)

ئەم داڕێژراوە بۆ ئاوەڵناو وصفەیەکی چەسپاو بە گوێرەی چەند بنەواشەیەکی نازرەرێژ: واتە بەبێ دەستوور سازدەکرێت: وەکو وشەی (جمیل)، واتە جوان کە لە فرمانی (جمول)ە، (جَمُل)ە وەرگیراوە، وشەی (اسود)، واتە (ڕەش)، کە لە فرمانی (سود)وە دروست کراوە و وشەی (غضبان) واتە تورە کە لە فرمانی (غضب)ەوە بنیات نراوە.

**٤ـ دارشتەی زیادڕۆ( الصیغة المبالغة )**

ئەم جۆرە داڕێژراوە بۆ مانای زۆری ئاوەڵناوی ناوی بکەر لە ناوی بکەر خۆی سازدەکرێت، وەکو: وشەی (اکّالْ)، واتە (زۆرخۆر)، کە لە ناوی بکەری (أُکِلْ)ەوە وەرگیراوە.

بۆ داڕشتنی (داڕشتەی زیادڕۆ) پێنج پێوانەی نازرە ڕێزمان هەیە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**أ - پێوانەی (فَعّال)**، کە بەدووبارەکردنەوەی دەنگی دووەمی ناوی بکەر سازدەکریَ نموونە:ـ

| ناوی بکەر | دارشتنەی زیادڕۆ | واتە |
| --- | --- | --- |
| **حامِلْ** | **حَمّال** | **زۆرهەڵگر** |
| **قاتِلْ** | **قَتّال** | **خوێن ڕێژ** |

**ب - پێوانەی (مِفْعال)**، کە بە زیادکردنی میمێکی کەسرەدار پێش دەنگی یەکەمی ناوی بکەر دروست دەکریَ، وەکو:ـ

| ناوی بکەر | داڕشتەی زیادڕۆ | واتا |
| --- | --- | --- |
| **طاعِمْ** | **مِطْعامْ** | **دەستبڵاو لە پێشکەشکردنی خواردن** |
| **عاطر** | **مِعْطارْ** | **زۆربوون لە خۆی بدا** |

**ج - پێوانەی (فعول)**، کە لابردنی بزوێنی (ئەلف) پاش دەنگی یەکەمی ناوی بکەر و زیادکردنی بزوێنی (واو) بەدوای دەنگی سێیەم، وەکو:ـ

| **ناوی بکەر** | **دارِشتەی زیادڕۆ** | **واتا** |
|---|---|---|
| **غافر** | **غفور** | **زۆرلێبوردە** |
| **صابر** | **صبور** | **زۆرخۆگر** |

**د- پێوانەی (فعیل)**، کە بە فڕێدانی بزوێنی ئەلف و خستنەپاڵی بزوێنی (یـ) یا دوا بەدوای دەنگی سێیەمی ناوی بکەر، وەکو:-

| **ناوی بکەر** | **دارِشتەی زیادڕۆ** | **واتا** |
|---|---|---|
| **سامِعْ** | **سمیع** | **زۆر گوێ سووك و گوێڕایەڵ** |
| **عالِمْ** | **علیم** | **زۆرزان** |

**هـ - پێوانەی (فَعِل)**، کە بە فڕێدانی بزوێنی ئەلف لە ناوی بکەر ئـەنجام دەدرێ، وەکو:-

| **ناوی بکەر** | **دارِشتەی زیادڕۆ** | **واتا** |
|---|---|---|
| **حاذِر** | **حَذِر** | **زۆر ئاگا لەخۆبوون** |
| **فاطِن** | **فطِن** | **زۆر تێگەیشتوو، وریا** |

### ٥- ئاوەڵناوی بەراوردکاری( اسم التفضيل )

ئـەم دارِێـژراوە بـۆ دەربڕینـی بەشـداری دوو کـەس یـان دوو شـت لـە ئاوەڵناوێکدا و زیادبوونی ئەو ئاوەڵناوە لە یەکێك لـەو بەشـداری کەرانـە، وەکـو وشەی (أكبر) لە ڕستەی **(محمـد اكبر مـن احمـد)**، واتـە **محەمـەد لـە ئەحمـەد گـەورەترە**، لـەم ڕسـتەیەدا ڕوونـە، کـە (محمـد) و (احمـد) هـەردووکیان لـە

ئاوەڵناوی گەورەیدا بەشدارن، بەڵام بەشی (محمد) لەو ئاوەڵناوەدا لە (احمد) زیادترە ئاوەڵناوی بەراوردکاری (اسم التفضیل) بەگوێرەی چەند مەرجێك لە پێوانەی (افعل) سازدەکرێت، وەکو:ـ

| فرمان | ئاوەڵناوی بەراوردکاری | واتا |
|---|---|---|
| حَمُرَ | اشدُ حمرةً | سورتر |
| طالَ | اطول | درێژتر |
| استخرج | اكثر استخراجاً | پڕ لێ دەرهێنراو |

### ٦ـ ناوی کات و شوێن (اسم الزمان والمكان)

ناوی کات بۆ سەردەم و وەختی ڕوودانی فرمانێك بەکاردێت، کەچی ناوی شوێن بۆ واتا دەرخستنی جێگای ڕوودانی فرمانێك سازدەکرێت، ناوی کات و ناوی شوێن بە گوێرەی یەکێك لەم سێ دەستوورەی خوارەوە دادەڕێژرێن:ـ

**یەکەم:** ئەگەر هاتو فرمانەکە سێ دەنگی بوو، دەنگی دووەمی لەسەر دەمی مضارعدا (ضمة) یان (فتحە)ی لەسەر بوو، یاخود دەنگی سێیەمی بزوێنێك بوو لەسەر کێشی (مَفْعَل) دادەڕێژرێن، وەکو:ـ

| فرمان | ناوی کات | ناوی شوێن | واتا |
|---|---|---|---|
| یخزنُ | مخزن | مَخْزَن | کۆگا |
| یلعبُ | ملعب | مَلْعَبْ | یاریگا |
| یلهو | ملهی | مَلْهی | شوێنی ڕابواردن |

**دووەم:** ئەگەر هاتو فرمانەکە سێ دەنگی بوو، دەنگی دووەمی لەسەر دەمی مضارعدا (کسرة) لەژێری بوو یاخود دەنگی یەکەمی بزوێن بوو لەسەر کێشی (مفعِلْ) دادەڕێژرێن، وەکو:ـ

| فرمانی ماضی | فرمانی مضارع | ناوی کات | ناوی شوێن |
|---|---|---|---|
| ضَرَبَ | يَضرِبُ | مضْرِب | مضرِب |
| وقف | يقف | موقِف | مَوْقِفْ |
| وصل | يصل | مَوْصِلْ | موصِلْ |

**سێیەم:** ئەگەر فرمانەکە لە سێ دەنگ زیاتر بوو هەروەکو ناوی کراو دادەڕێژرێن، وەکو:

| فرمان | ناوی کات | ناوی شوێن |
|---|---|---|
| ينطلف | مُنْطلق | منطَلَقَ |
| يستشفى | مُستشفى | متشفى |
| يستوصف | مستوصَفْ | مستوصِفْ |

**٧ـ ناوی ئامێر ( اسم الالة )**

ناوی ئامێر زۆر جار لە چاوگی فرمانی تێپەڕەوە دادەڕێژرێ، داڕشتەکەشی بە گوێری یەکێك لەم کێشانە ئەنجام دەدرێت:

**یەکەم: کێشی (مِفْعَل)** وەکو (مِکْبَس)، واتە پەستێنەر، دووەم: کێشی (مِفعلَەَ) وەکو (مِکْنَسەَ)، واتە (گسك)، سێیەم کێشی (مِفعال) وەکو (مِنشار) واتە هەڕە.

لە نموونەکانی ئەم حەوت جۆرەی وشەی داڕێژراو لە زمانی عەرەبیدا بە ئاشکرای دەردەکەوێت، کە زۆربەیان لەبەر تیشکی دەستووری پەیڕەوی کراودا دادەڕێژرێن، ڕێگای ئەم چەشنە داڕشتنە بە زمانی عەرەبی بە ئاوەڵناوی (القیاس) ناودەبرێت، کە وەرگێڕانەکەی لە زمانی کوردیدا زرەڕێژە، واتە ئەو وشانە کە بەگوێرەی دەستوور و بنەواشەی گیراوەبەر دروست دەکرێن. بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەم ڕێگایە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ناوی بکەر لەبەر تیشکی کێشی (فاعِل) دادەڕێژرێ، وەکو:

(کتب) (کاتب)، واتە (نووسین) (نووسەر)، جا هەموو ناوی بکەرێك لە زمانی عەرەبیدا لە فرمانی سێ دەنگی بە گوێرەی ڕێگای (قیاس) و لەبەر تیشکی ئەو کێشەیەدا دادەڕێژرێ، پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە:ـ

ئایا ڕێگای زرەڕێژ لە زمانی کوردیشدا بەو جۆرە تەخت و فراوانە ڕێوشوێنێکی تایبەتی هەیە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە تێبینی بکەین کە ناوی بکەر لە زمانی کوردیدا هەرچەندە داڕێژراوە، بەڵام بە گوێرەی دەستوور و بنەواشەی یەکگرتوو سازناکرێت، بۆ نموونە وشەی نانەوا و مەلەوان و ئاسنگەر و دانساز و ڕەخنەگر و هونەرمەند و جوتیار و نووسەر... هتد ناوی بکەرن، بەڵام هەریەکێکیان بە چەشنێك داڕێژراوە و لەداڕشتنیدا دەستوورێکی یەکگرتوو بەکارنەهێنراوە، بۆیە زمانەوانی کورد ناتوانێ لەبەر تیشکی ڕێگای

زرەڕێژدا وەکو زمانەوانی عەرەب ناوی بکەر بە کێشـەیەکی تایبـەتی لـە هـەموو فرمانێك دابڕێژرێ و ئەوەی پێی دەکرێت بە گوێرەی بیستن دەتوانێ بڵێ:-

**ئاشەوان، مزگەر، ڕستەساز، وێنەگر**

**ئەندازیار، فێرکەر... هتد**

لـەم ڕۆژانـەدا هەنـدێ زمانـەوانی کـورد لـە سـازکردنی وشـەی نوێبـاو لـە سوچێکی تری زمانی کوردی بە ڕێگای زرەڕێژ بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگی کوردەواری دەگرێتەبەر:-

بۆ نموونە بە گوێرەی وشەی بەختیار و جوتیار، وشەی هەستیار بە واتـەی (الشاعر)ی عەرەبی دروست دەکەن بە کێشـی دانسـاز، چـەخماخ سـاز، وشـەی ڕەخنەساز بەرامبەر بـە وشـەی (الناقـد الادبـی) دەتاشـن، بـەڵام ئـەم هەوڵدانـە هـەتاکو ئێسـتا جێگـای مشـتومڕی زانـا کوردەکانـەوە نـەبووە بـە دیاردەیـەکی زمانیی پەسەندکراوە.

## ڕێگای چوارەم: داتـاشین و لێکدان

وشـەی داتاشـین بەرامبـەر بـە زاراوەی (النحـت)ی عـەرەبی سـازکراوە، واژەی لێکدانیش بۆ دەربڕینی واتای (التركيب)ی عەرەبی بەکاردێت.

لـە زانسـتی زمانـدا وشـەی داتاشـین بـۆ نـاوی ڕێگایـەك بـەکاردێت، کـە بەهۆیەوە وشەیەکی تازە لە دوو وشە یان پتر پاش فڕێدانی دەنگێك یـان زیـاتر سازدەکرێت، لە زمانی کوردیدا ئەم ڕێگایە بەجۆرێکی فـراوان گیراوەتەبـەر: بـۆ نموونە وشەی (ماستاو)، لە وشـەی (ماسـت) و وشـەی (ئـاو) داتاشـراوە، پـاش ئەوەی دەنگی (أ) همزە لـە وشـەی ئـاو فڕێـدراوە، پاشماوەکـەی دراوەتـە دەم وشەی ماستاو و بووە بە (ماستاو).

هەروەها وشەی (شمەك)، کە لە بناغەدا (شت و مـەك) بـووە، بـە فڕێـدانی دەنگی (ت)ی (شت) لادانی دەنگی واوی (و) پەیوەندی داتاشراوە.

لە زمانی عەرەبیدا ڕێگای داتاشین (النحت) هەرچەندە هەندێ نموونە هەیـە بۆ سەلماندنی بـەکارهێنانی، بـەڵام ئـەم نموونانـە تـا بڵێـی کـە مـن و بیروڕایـی زمـانیش هەیـە کـە دەڵـێ ئـەم نموونانـە وشـەی داتاشـراونین، بـەزۆرەملێ بـە داتاشراوی ڕاڤەکراون: وەکو وشەی (لیس)، کە هەندێ زمانەوانی عەرەب دەڵێن (لا) (ایس) بووە و ئەلفی لا و هەمزەی (أیس)ە، فـڕێ دراون و پاشماوەکانیـان داونەتـە دەم یـەکترەوە، هـەروەها وشـەی (لَـنْ) کـە ئـامرازی نـا ئەوێیـە بـۆ سەردەمی داهاتوو هەنـدێ زمانـەوانی عـەرەب ڕایـان وایـە، کـە ئـەم وشـەیە لـە سـەرەتاوە (لا) (أن)بـووە، بـەڵام هەمزەکـەی (ان) فـڕێ دراوە و نوونەکـەی خراوەتە پاڵ لامی وشەی (لا)ەوە، پاش فڕێدانی ئەلفەکەی.

ڕێگای لێکدان دووبارە لە زمانی کوردیدا زۆر فراوانە بۆ سازکردنی وشەیەکی نوێ لە دوو وشەی سادە یان پتر بەبێ دەستکاری بەکاردەهێنرێ، وەکو وشەی (داوێن پاك)، کە لە وشەی (داوێن) و وشەی (پاك) لێکدراوە.

وشەی (دەست بڵاو)، کە لە وشەی (دەست) و وشەی (بڵاو) دروست کراوە و وشەی (هاتوچۆ) کە لە وشەی (هات) و (چۆ) ئەنجام دراوە. لە زمانی عەرەبیشدا ڕێگای لێکدان لەبەر دەستی فەرهەنگی ئەم زمانەدا بۆ سازکردنی وشەی نوێ دەرگاکەی خراوەتە سەر گازی پشت و تێبینی دەکرێت، کە وشە بەرهەمەکانی سێ جۆرەن:-

**یەکەم: وشەی لێکدراوی ئاوێتەیی(المركب المزجي):** کە وشەکانی پێکەوە لێکدراون، وەکو وشەی (بعلبك)، کە لە وشەی (بعل)، واتە خاوەن یان خوا، وشەی (بك) کە ناوی دۆڵێکە لێکدراوە.

**دووەم: وشەی لێکدراوی خستنەسەر(المركب الاضافي):** کە بەهۆی ئیزافەی ناوێك بۆ ناوێکی تر لێك دەدرێت، وەکو ناوی عبدالرحمن، جمال الدين.

**سێیەم: وشەی لێکدراوی پاڵپشت خستنی(المركب الاسنادي):** کە لە فرمانێك و بکەرێك یان پتر دروست دەکرێ، وەکو ناوی (جاء المولى) و (تأبط شرا).

وشەی لێکدراو لە زمانی عەرەبیدا بەزۆری ناوە و ڕەنگە هیچ فرمان و ئامرازی پەیوەندی لەم زمانەدانە بێت، کە لێکدراو بێت.

## ڕستەسازی لە زمانی کوردی و لە زمانی عەرەبیدا

بنەواشــە و دەســتوورەکانی ڕستەســازی ســنووری پــۆلاینی جیاکــەرەوەی زمانێکە لە زمانــەکانی دیــی، بۆیــە قســەکەر پێویســتە بــە وردی پــەیڕەوی ئــەم بنەواشە دەستوورانە بکات ئەگەر بیەوێ پارێزگاری ڕەسەنیی زمـانی نەتەوەکـە بکات.

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستییەدا زانستی زمانی هاوچەرخ گرنگییــەکی تایبــەتی بــە ڕستەســازی دەدات و سروشــتی چــۆنیەتی ئەنجامــدانی شــیدەکاتەوە و بەشەکانی ڕستە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و جێگایان لە دەربڕینـدا دەستنیشـان دەکات.

مێژووی زانستی زمانی کوردی تێبینــی دەکـات کـە لـەم ڕووەوە هــەوڵێکی پێویســـت لـــە کـــۆڕی ڕستەســـازی کوردیـــدا نـــەدراوە، ئـــەوە نـــەبێت کـــە ڕێزماننووســەکانمان یــان لەســەر ڕێبــازی عــەرەبیان لەســەر ڕێبــازی ئینگلیــزی بەشــەکانی ڕســتەی کوردییــان بیردۆزانــە نــاو نــاوە، بــەبێ ئــەوەی بــە دەقــی پەخشانی کوردی ڕەسەن ڕستەی کوردەواری پێناسە بکەن و بەشە بنــەڕەتی و تەواوکــەرەکانی یــەکالا بکەنــەوە و ئــەرکی ڕاســتەقینەی کــە دەربڕینێکــی هۆشمەندییە بگرنە بەرچاو و تایبەتییەکانی بخەنەڕوو.

ئێمە لێرەدا هێمـا بـۆ ئـەم بابەتـە دەکـەین، وەکـو هیوایـەك سـەرنجی بـۆ ڕادەکێشـین، بـەڵکو ڕۆژێ لـە ڕۆژان پێمـان بکـرێ بیهێنینـە دی، ئـەگینا ئـەم تۆژینەوەیە تەنیا لە جـوغزی بابەتەکەیـەوە لـە ڕستەسـازی کـوردی و عـەرەبی دەدوێت.

زمانەوانەکان تا ئەمڕۆ کە لە ڕستەسازی دەدوێن، ڕستەی سادە بەسەر دوو دابەش دەکەن: ڕستەی سادەی ناوی و ڕستەی سادەی فرمانی.

ئاشکرایە کە ئەم زمانەوانانە بە چەشنێکی زانستی و کۆتایی لەسەر چەمەك و پێناسەی ڕستەی ناوی و ڕستەی فرمانیدا یەکدگیر نین و لە نێوانیاندا جیاوازی گەلێك بەرپابووە:ـ

هەندێکیان بیروڕایان وایە: ڕستەی ناوی ئەو ڕستەیەیە کە فرمانی تێدا نییە، وەکو ڕستەی **(محمد مهذب)**، بە زمانی عەرەبی و ڕستەی **(محەمەد ژیرە)** بە زمانی کوردی.

لەبەر تیشکی ئەم بیرو ڕایەدا هەڵبەت ئەو ڕستەیە کە بە ناوێك دەست پێدەکات، فرمانێکی تێدایە ڕستەی ناوی نییە، بەڵکو ڕستەی فرمانییە، وەکو ڕستەی: **(الربيع يقبل بعد الشتاء)** بە زمانی عەرەبی و ڕستەی **(بەهار دوا بەدوای زستان دێت)** بە زمانی کوردی. هەندێکی تر لە زمانەوانەکان بەم بیروڕایە قایل نین و پێناسەی ڕستەی ناوی بەوە دەکەن کە بە ناوێك دەست پێ کراوە جا پاشماوەکەی کە واتاکەی تەواو دەکات هەروەها ناو بێت یاخود فرمان.

سەرئەنجام ڕستەی **(محمد مهذب)** و ڕستەی **(الربيع يقبل بعد الشتاو)** بە زمانی عەرەبی و ڕستەی **(محەمەد ژیرە)** و ڕستەی **(بەهار دوا بەدوای زستان دێت)** بە زمانی کوردی هەموویان ڕستەی ناوین.

ئەم دوو کۆمەڵە لە زمانەوانان، دیارە لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە ڕستەی فرمانی هەر دەبێت بە فرمانێك سەرەتاکەی کرابێتەوە، وەکو ڕستەی **(نجح محمد فی الامتحان)**، واتە **(محەمەد لە تاقیکردنەوەدا دەرچوو).**

ئەم جۆرە ڕستەیە بێگومان لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، چونکە ڕستەسازی کوردی ڕێگای ئەوە نادا، کە بووترێ: **(دەرچوو محەمەد لە تاقیکردنەوەدا)**، بەڵکو دووپاتی دەکاتەوە، کە ڕستەی کوردی ڕەسەن، پێویستە بە ناوێك دەست پێ بکات و سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی ئەو ڕستەیە بووترێ **(محەمەد لە تاقیکردنەوەدا دەرچوو).**

ئەم ڕاستییە زمانییە و چەند دیاردیەیەکی دی لە بنیاتنانی ڕستەی کوردی لە کۆڕی بەراوردکاری ئەم زمانە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا ڕامان دەکێشێت بۆ خۆدورخستنەوە لە پێناسەی بیردۆزەی مشتومڕی فەلسەفی و گرتنەبەری ڕێگای پەیڕەویکردن.

لە سروشتی زمانی عەرەبییەوە بۆمان ساغ بۆتەوە، کە ڕستەی بێ فرمان پێویستی بە ئامرازی پەیوەستی، واتە (اداة الربط) نییە، هەروەکو لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت **(الحیاة کفاح)**، واتە **(ژیان تێکۆشانە).**

وشەی (الحیاه) مبتدا، واتە (نیهادە) و وشەی (کفاح) خبر، واتە: گوزارەیە.

کەچی ئەم جۆرە ڕستەیە ئەگەر هاتو کرا بە کوردی، پێویستە جگە لە (نیهاد و گوزارەکەی) ئامرازێك هەبێت بۆ بەستنەوەی نیهاد و گوزارەکە، بۆیە لە وەرگێڕانی ئەو ڕستەیەدا دەوترێ **(ژیان تێکۆشانە)**. دەنگی (ە) دوا بەدوای وشەی تێکۆشان، ئامرازی پەیوەستییە، (ژیان) کە نیهادە لەگەڵ (تێکۆشان)دا

که گوزارەیە دەبەستێتەوە و چەشنە پەیوەندییە لە نێوانیاندا بەرپا دەکات. زمانەوانە کوردەکان لە لێکدانەوەی سروشت و ئەرکی ئەم ئامرازە بیروڕایەکی یەکگرتوویان نییە، بەڵام ئێمە تێبینی دەکەین کە ئەم ئامرازە لە هەموو کاتەکاندا بەرچاو دەکەوێت و شەقڵێکی فرمانی وەردەگرێت.

هەرچۆنێك بێت ئاشکرایە کە نیهاد و گوزارە لە زمانی کوردیدا بە تەنیا ڕستەیەك پێك ناهێنن، بەڵکو هەردەبێت لە تەکیاندا وشەیەك هەبێت بۆ پێکەوە بەستنەوە و گەیاندنی واتاکەیان و ئەم وشەیەش بە ڕووتی مانای بوون و ڕووداو و کات دەگەیەنێ، بۆیە هەندێ لە زمانەوانانی کورد بیروڕایان وایە، کە ئەم وشەیە بە ئامرازی پەیوەستی ناو ببرێ یان بە زاراوەی فرمانی بوون، واتە (فعل الکینونە)، کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێ (Vevb to be) بخرێتەڕوو.

سەرئەنجام لێرەدا ئێمە دەتوانین ڕستەی ناوی عەرەبی هەر لە نیهاد و گوزارە بنیات دەنرێ، بەڵام لە زمانی کوردیدا بەو چەشنە سازناکرێت، چونکە پێویستە لەگەڵ نیهاد و گوزارەکەدا فرمانێکی بوونی هەبێت.

## ڕستەی فرمانی لە زمانی عەرەبیدا

ڕستەی فرمانی لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر هاتو فرمانەکەی تێنەپەڕ بوو، بە زۆر لە فرمان و بکەر سازدەکرێت، وەکو ڕستەی **(ینتصر الحق)**، واتە **(حەق سەردەکەوێت)**، هەروەها دەشێت لەگەڵ فرمان و بکەرەکەیدا تەواوکەرێك یان زیاتر هەبێت:ـ

تەواوکەرەکانی ڕستەی فرمانی تێنەپەڕ جۆر بەجۆرن، بە زۆری لە حاڵ و ظرفی کاتی ظرفی شوێنی پێك دێن.

لە بنیاتنانی ڕستەی فرمانی عەرەبی، کە جگە لە فرمانەکە تەواوکەریشی تێدا هاتووە، لە سەرەتاوە فرمانەکە دێت، ئەمجا بکەر و حاڵ و ظرفی کاتی و لە دوایدا ظرفی شوێنی، وەکو ڕستەی **(تطير الطائرة بسرعة صباحا من المطار)، واتە (فڕۆکە بەخێرا بەیانی لە فڕۆکەخانەوە هەڵدەفڕێت)**، هەروەها ئەگەر هاتو فرمانەکە تێپەڕبوو، هەمان یاسا پەیڕەودەکرێت لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی تەواوکەری فرمانەکە دوا بەدوای بکەرەوە دێت، وەکو ڕستەی: **(يشرب الطفل الحليب وافقا صباح في غرفتة)**، واتە **(منداڵەکە بەیانیان شیرەکەی بە پێوە لە ژوورەکەیدا دەخواتەوە).**

ئەم جۆرە بنیاتنانەی ڕستەی فرمانی عەرەبی پێویستە بە وردی پەیڕەوی بکرێت و ئەگەر هاتو بەبێ هۆیەکی واتایی و ڕەوانبێژی گۆڕینی ئەو یاسایەی بنیاتنانی ڕستەی فرمانی عەرەبی.

لەژێر ناونیشانی (القصر والحصر)، واتە: تایبەتی کردن باس دەکرێ و مەرجەکانی یەکالآدەکرێنەوە، بۆ ڕوونکردنەوە ئەگەر هاتو لە ڕستەی **(نجح**

**محمد)**، واتە **(محەمەد دەرچوو)**، بکەر (محمد) پێشخرا و وترا **(محمد نجح)**، واتای ڕستەکە دەگۆڕێ و مانایەکی تازە دەبەخشێت:ـ

لە ڕستەی **(نجح محمد)**، فرمانی (نجح) **هەر** بۆ (محمد) ڕوویداوە و تەنیا محەمەد دەرچووە.

نموونەیەکی تر کە دەڵێین، (نعبدك)، لێرەدا ڕووداوی پەرستن کە لەلایەن دوێنەرانەوە بۆ ڕاناوی (ك)ی مخاطب بەرپابووە، دەشێت ئەو پەرستنە تەنیا بۆ ئەو ڕاناوە نییە، بەڵکو ڕێی تێدەچێت لەگەڵ ئەو قسەبۆکراوەدا کەسێك یان پتر هەبێت پەرسترابێت:ـ کەچی ئەگەر هاتو وتمان **(اياك نعبد)**، واتە هەر تۆ دەپەرستین و بەس فرمانەکە تایبەتییە بە ڕاناوی قسەبۆکراو کە پێشخراوە. فرمان لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر **هاتو** دواخرا، وەکو ڕستەی **(محمد نجح)** کە لە بناغەدا **(نجح محمد)** بکەرەکەی لە اعراب و شیکردنەوەدا دەبێت بە نیهاد و فرمانەکەی بە ڕستەیەك دادەنرێ، کە بکەرەکەی ڕاناوێکی نادیارە بۆ (محمد) دەگەڕێتەوە و ڕستەکە دەبێت بە گوزارەی محمد.

لە زمانی کوردیدا **هەڵبەت** بەم جۆرە ڕستەی فرمانی یەکالا ناکرێتەوە، چونکە فرمان **هەمیشە** لە کۆتایی ڕستەوە دێت و سەرەتای **هەموو** ڕستەیەکی کوردی دەبێت نیهاد بێت و، لە نێوانی نیهاد و گوزارەکەدا زۆربەی تەواوکەرەکان دێن، وەکو ئەم ڕستەیە کە دەڵێ:

**(شوان بەڕاکردن بە بەیانی لەماڵەوە دێت بۆ فێرگا).**

**شوان: نیهادە**

**دێت: گوزارەیە**

**(بەڕاکردن)** و **(بەیانی)** و **(ماڵەوە)** لە نێوان نیهاد و گوزارەکەدا هـاتوون، جگـە لە دەستەواژەی **(بۆ فێرگە)**، کە دوا بەدوای فرمانەکە هـاتووە و دەشـێ پێشـی بخرێ.

## بەراوردكاری لە نێوان كاتی فرمان
## لە زمانی كوردی و لە زمانی عەرەبیدا

كاتی فرمان لە زمانی كوردی و لە زمانی عەرەبیدا بە گشتی بەسەر دوو بەشدا دابەش دەكرێ: فرمانی كاتی ڕابوردوو، فرمانی كاتی ڕانەبردوو. ئەم دوو بەشە كە بە گشتی لە هەردوو زمانەكەدا یەك دەگرنەوە لە ڕووی نیشانەی داڕشتنی فرمان و سنووری كاتەكان جیاوازیان هەیە، ئەم جیاوازییەش هەڵبەت لەبەر تیشكی بەراوردكاریدا ڕوون دەبێتەوە و بە ئاشكرا دەربڕینی هەردوو زمانەكە لەم بابەتەدا بەرامبەر بە یەكتر دەكەوێتەڕوو. فرمانی ڕابوردوو لە زمانی كوردیدا هەروەكو چەسپاو پێنج جۆرە:-

**١ـ فرمانی ڕابوردووی نزیك:-**

كە دەلالەت لەسەر ڕووداوی فرمانێك دەكات لەكاتی ڕابوردووی نزیكدا، وەكو:- **(ساڵێك لەمەو پێش نانم خوارد)**، بەرامبەر بەم جۆرە ڕابوردووە لە زمانی عەرەبیدا بە فرمانەكەی دەووترێ (الفعل الماضي) و بەوە پێناسە دەكرێ، كە **(هو مادل على فعل مضى وانقضى)**، واتە ئەو فرمانەیە كە دەلالەت لەسەر فرمانێك دەكات ڕوویداوە و بڕاوەتەوە، وەكو:-

**(اكلت الطعام قبل حين).**

**٢- ڕابوردووی دوور:**

ئەو دەربڕینەیە ڕوودانی فرمانێك دەگەیەنێ، کە لەکاتی ڕابوردوودا بەر لە فرمانێکی ڕابوردووی دی بەرپا بووە، وەکو دەربڕینی (هاتبوو) لە ڕستەی **(کە من گەیشتمەماڵەوە حەمە هاتبوو).**

فرمانی (گەیشت) و فرمانی (هاتبوو)، هەردووکیان فرمانی ڕابوردوون، بەڵام فرمانی هاتبوو بەر لە فرمانی گەیشت ڕوویداوە، فرمانی ڕابوردووی دوور لە زمانی عەرەبیدا بە ڕستەیەکی لێکدراو دەردەبڕێ، کە پێکهاتووە لە (کان) و ناوەکەی و (قد التحقیق) و فرمانێك، بۆیە ئەو ڕستە کوردییە بەم چەشنە وەردەگیرێ.وەك:

**- عندما وصلت الی البیت کان محمد قد جاء.**

**٣- ڕابوردووی بەردەوام:-**

ئەم فرمانە واتای بەردەوام بوونی فرمانێکی لە ڕابوردوودا دەگەیەنێ، کە لە هەمان کاتدا فرمانێکی ڕابوردووی تر ڕوودەد، وەکو ڕستەی:-

**- کە ئیشم دەکرد مامۆستاکەم تێپەڕی.**

ڕابوردووی بەردەوام لە زمانی عەرەبیدا لە فرمانی (کان)ە و (ناوەکەی) و فرمانێکی ڕانەبووردوو سازدەکرێ، وەکو وەرگێڕانی ئەو ڕستەیە، کە دەڵێت:-

**- عندما کنت اشتغل مرَّ استاذي .**

**٤ـ ڕابوردووی خاوەن شوێنەوار:ـ**

ئەم فرمانە دەلالەت لەسەر ڕووداوێك دەكات لە ڕابوردوودا ڕوویداوە، بەڵام شوێنەوارەكەی تا كاتی قسەكردن هەر بەردەوامە، وەكو ڕستەی **(نانم خواردووە)**، واتە لە ڕابوردوودا نانم خواردووە و ئێستاش تێرم و شوێنەواری خواردنەكەم هەرماوە، ئەم جۆرە ڕابوردووە بەرامبەرەكەی بە زمانی عەرەبی دەشێ ناوی بكەر بێت، واتە (اسم الفاعل)، بۆیە دەتوانین مانای ئەو ڕستەیە بە عەرەبی بگەیەنینە گوێگر و بڵێین:ـ

**ـ انا اكل الطعام .**

**٥ـ ڕابوردووی ئینشائی:**

ئەم فرمانەیە كە دەلالەت لەسەر ڕوودانی كارێ دەكا لە كاتی ڕابوردوودا، ئەم جۆرەش دوو وێنەی سەرەكی هەیە:ـ

**یەكەم: وێنەی داخوازی،** وەكو :

**ـ ئەگەر پارەم هەبوایە، خانووەكەم ئەكڕی.**

لەم ڕستەیەدا دوێنەر داخوازی پارە دەكات، بەڵام ئەم داخوازیە نەهاتۆتەدی. ئەم وێنەیە لە ڕابوردووی ئینشائی بە ئامرازی (لو) و فرمانی مەرج و وەڵامی مەرج لە زمانی عەرەبی سازدەكرێت، بۆیە ئەو ڕستەیە بەم جۆرە وەردەگێرێ و دەووترێ **(لو كان لی مال لاشتريت الدار)**. ئەگەر هاتو ڕستە مەرجییەكە لە زمانی كوردیدا نەرێ بوو، وەكو:ـ

**ـ ئەگەر مردن نەبوایە ژیان خۆشتر دەبوو.**

له زمانی عەرەبیدا بە ئامرازی (لولا) دەردەبڕێ هەروەکو لە وەرگێڕانی ئەم ڕستەیەدا دەردەکەوێ کە دەڵێت:

**- لولا الموت لكانت الحياه احلى.**

**دووەم: وێنەی تکا،** وەکو ڕستەی:

**- خۆزگە دەربچوومایە.**

ئەم وێنەیە بە عەرەبی پێی دەوترێ (التمنى) و بە وشەی (ليت) دەردەبڕێ و بەرامبەر بەو ڕستەیە دەووترێ **(ليتنى نجحت).**

**فرمانی ڕانەبووردوو:**

ئەم فرمانە لە زمانی کوردیدا لە ڕووی واتاوە دوو جۆرە:ـ

**فرمانی ڕانەبووردووی کاتی قسەکردن،** وەکو ڕستەی:

**- ئیش دەکەم.**

فرمانی ڕانەبووردووی کاتی داهاتوو، وەکو:

**- سبەینێ دەچم بۆ بەغدا.**

فرمانی ڕانەبووردوو بەهۆی ئاوەڵفرمان لەیەکتر جیادەکرێنەوە و هیچ نیشانەیەکی تایبەتیان نییە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا وا نییە چونکە بۆ هەر یەکێکیان نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە: بۆ فرمانی ڕانەبردووی کاتی قسەکردن، کە پێی دەووترێ **(المضارع والحال)** یەکێ لەم چوار پیتانە بە

گوێرەی پێویست دەکرێن بە نیشانە دەنگی (همزە) و دەنگی (نون) دەنگی (یی)ی، دەنگی (ت)، کە لە وشەی (انیت)دا کۆدەبنەوە، وەکو ئەم ڕستانە:ـ

**ـ اشتغل فى الحقل. واتە: لە کێڵگەدا ئیش دەکەم.**

**ـ یشتغل فى الحقل. واتە: لە کێڵگەدا ئیش دەکا.**

**ـ تشتغل فی الحقل. واتە: لە کێڵگەدا ئیش دەکا.**

**ـ نشتغل فی الحقل. واتە: لە کێڵگەدا ئیش دەکەین.**

بۆ فرمانی داهاتوو دوو نیشانە هەیە:ـ

یەکەم: دەنگی (س) سین، وەکو:ـ

**ـ سأسافر الى بغداد .واتە: سەفەر دەکەم بۆ بەغدا.**

دووەم: ئامرازی سوف، وەکو:

**ـ سوف انجز وعدی. واتە: بەلێنەکەم جێ بەجێ دەکەم .**

وێنەی وشەش بەگوێرەی نێرینە و مێینە دەستووری تایبەتی خۆی هەیە.

## نێرینه و مێینه له دەربڕیندا

لـه زمـانی نەتەوایـەتی کوردیـدا کـه بڕبڕەکـەی بـه زۆری ڕێزمـانی زاری کرمانجی خوارووه، له دیاردەی مێینه، واته (ظـاهرة التانیـث)، وەکـو لایـەنێکی دەستووری که کاردەکاته سەر دەربڕین و ڕستەسـازی بەرچـاو ناکـەوێ، بـەڵکو نێرینه و مێینه هەردووکیان لـەڕووی بنەواشـەی ڕستەسـازییەوه بـه زۆری هـیچ جیاوازییەکیان نییه.

ئەم بارەی زمانی نەتەوایەتی کوردی هەڵبەت له زمانی عەرەبیدا وا نییه[1]، چـونکه دەربڕینـی ڕسـته بگـره وێنـەی وشـەش بـه گـوێرەی نێرینـه و مێینـه دەستووری تایبەتی خۆی هەیه، ئەم دەسـتورانه لـه ڕوانگـەی وشـەوه لـەوەوه دەست پێدەکات، که واژه دوو جۆره:-

### جۆری یەکەم: واژەی نێرینه (الاسم المذكر)

ناوێکه یان ئاوەڵناوێکه به ناوی ئیشارەی **(هذا)** سەرنجی بـۆ ڕادەکێشـرێ، وەکو ناوی **(رجل)** لەم ڕستەیەدا:-

**- هذا رجل. واته: ئەمه پیاوێکه.**

واژەی نێرینەش دوو جۆره:-

**١- نێرینەی (حقيقی):**

که له سروشتدا مێینەیەکی هەیه، وەکو ئەم وشانه:

---

[1] – بڕوانه کتێبی جامع الدروس العربية، ج١ ـتاليف الشيخ مصطفى الغلاييني.

| وشەی نێرینەی حقیقی | واتا |
| --- | --- |
| صبی | منداڵ |
| اسد | شێر |
| حصان | ئەسپ |

**نێرینەی خوازەیی:- (المذکر المجازي)**

که وەکو نێرینەی حقیقی وەکو ناوی ئادەمیزاد و ئاژەڵ مامەڵـە دەکرێـت، بەڵام لە ڕەگەزدا لەوان ناچێت، وەکو ئەم وشانە:-

| وشەی نێرینە خوازەیی | واتا |
| --- | --- |
| بدر | مانگی چواردە |
| لیل | شەو |
| باب | دەگا |

**جۆری دووەم: واژەی مێینە (اسم المؤنث):**

ناوێکـە یـان ئاوەڵناوێکـە کـە بـەناوی ئیشـارەتی **(هـذە)** سـەرنجی بـۆ ڕادەکێشرێ، وەکـو وشـەی **(امـراة)** لـەم ڕسـتەیەدا **(هـذە امـرأة)**، واتـە **(ئەمـە ژنێکە)**، واژەی مێینەش سێ بەشە:-

**یەکەم: مێینەی (حقیقی)**

که دەلالەت لەسەر مێینەیەك دەکات لە ئادەمیزاد یان ئاژەڵ، وەکو:-

| **<u>مێینه حقیقی</u>** | **<u>واتا</u>** |
|---|---|
| **فتاة** | **کچێك** |
| **فرس** | **ماین** |
| **اتان** | **ماکەر** |

**دووەم:مێینەی خوازەیی: المؤنث المجازي**

که وەکو مێینەیەکی حقیقی مامەڵە لەگەڵیا دەکرێت، بەڵام لە ڕەگەزدا نە ئادەمیزادێکی نێرینەیە و نە ئاژەڵێکی نێرینەدارە.

مێینەی خوازەیی لە زمانی عەرەبیدا دەماو دەم لە عەرەبە دێرینەکانەوە بیستراوە و بە دەستوور دەست نیشان نەکراوە و زۆر جاریش لەم ڕووەوە بنەواشەیەك پەیڕەوی دەکرێت، کە دەڵێ:ـ

هەموو ئەندامێکی جووت لە لەشی ئادەمیزادا بە مێینەی خوازە لە قەڵەم دەدرێ، وەکو وشەی **(الاذن، العین، الکف، الید، القدم)**، سەرەڕای ئەم وشانەی خوارەوە کە دووبارە مێینەی خوازەیین.

| **<u>مێینەی خوازەیی</u>** | **<u>واتا</u>** |
|---|---|
| **البطن** | **سك** |
| **الدار** | **خانوو** |
| **الارض** | **زەوی** |
| **النار** | **ئاگر** |
| **العصا** | **داردەست** |

| | |
|---|---|
| **الفاس** | **تەشووێ** |
| **الاصبع** | **پەنجە** |
| **الشمس** | **خۆر** |

## سێیەم: مێینەی واژەیی:

کە نیشانەیەك لە نیشانەکانی مێینەی پێوە لکێنراوە، نیشانەی مێینەش سێ دەنگە:

یەکەم[1]:دەنگی (ە) تێی خڕ، وەکو لەم وشانەدا دەردەکەوێ: **(الغرفة): ژوور، (الشجرة): درەخت.**

دووەم[2]:دەنگی ئەلفی مێینەی مراوی، وەکو:ـ

ئەم ناوانە: سلمی، بشری، لیلی.

سێیەم:ئەلفی درێژە پێدراو[1] ، واتە (الالف الممدودە)، وەکو لەم وشانەدا دەردەکەوێ:

---

١ – (ة) تێی خڕ: هەندێ جار تێی خڕ (ة) لەگەڵ ناوی نێرینە دێت و ئەو ناوە بە مێینە ناژمێرێ، وەکو ناوی (طلحة، قتیبة، حکمت، فکرة.. هتد)، هەروەها هەندێ جار لەگەڵ چەند ئاوەڵناوێك دێت، بۆ مبالغە و زیادڕۆیی، وەکو ئاوەڵناوی (العلامة)، واتە (زۆرزانا) و ئاوەڵناوی (الفهامة)، واتە (زۆر تێگەیشتوو).

٢ – ئەلفی مێینەی مراوی، بەوە جیادەکرێتەوە، کە دەنگێکی زیادە و لە بنەڕەتی وشەکەدا نەهاتووە و تەنیا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکی مێینە هێنراوە، وەکو ناوی (سلمی)، کە وشە بنەڕەتەکەی (سلم)ە، بۆیە وشەی (الفتی) ئەلفەکەی نیشانەی مێینە نییە، چونکە لە بنیاتنانی وشەکەدا دەنگێکی ڕەسەنە..

| | |
|---|---|
| **حسناء** | **جوان** |
| **الصحراء** | **بیابان** |

**له زمانی عەرەبیدا چەند وشەیەك بەرچاو دەکەون، بۆ قەسەکەر هەیە بە نێرینە و بە مێینە بەکاریان بهێنێ، وەکو ئەم وشانەی خوارەوە:**

**وشەی بەکارهێنراو بۆ**

| **نێرینە و مێینە** | **واتا** |
|---|---|
| **السكين** | **چەقۆ** |
| **السبيل** | **ڕێباز** |
| **الطريق** | **ڕێگا** |
| **السوق** | **بازاڕ** |
| **اللسان** | **زمان** |
| **السلاح** | **چەك** |
| **العنق** | **مل** |
| **الخمر** | **مەی** |

[1] – ئەلفی درێژە پێدراو: هەڵبەت لە دوو دەنگ پێکهاتووە دەنگی (ئەلف)و دەنگی (همزە) نیشانەی جیاکەرەوەی ئەلفی درێژەپێدراو، ئەوەیە لە وشە بنەڕەتییەکەیدا نەهاتووە بۆ ئەرکی مێینە خراوەتە سەری، بۆیە دەوترێ وشەی (حسناء) بنەڕەتەکەی (حسن)ە و وشەی (صحراء) لە بناغەدا (صحر)ە، سەر ئەنجام لە وشەی (البناء) و (العلاء) لە بناغەدا (البنای)ە و وشەی (العلاء) (العلاو)ە، دەنگی (یا) و (واو) لە کۆتایی ئەو وشەیەدا لەبەر چەند هۆیەکی دەنگسازی ئاڵوگۆڕ کراون بە (همزە).

هەروەها هەندێ ئاوەڵناوی تایبەت بە ئافرەت هەیە، پێی ناوێ نیشانەی مێینە لەگەڵیاندا بێت، چونکە ئەم نیشانەیە تەنیا بۆ جیاکردنەوەی مێینە لە نێرینە سازکراوە، وەکو ئەم ئاوەڵناوانەی خوارەوە:ـ

| **ئاوەڵناوی تایبەت بە مێینە** | **واتا** |
|---|---|
| **حائض** | **بێنوێژ** |
| **حامل** | **سکپڕ** |
| **طالق** | **تەڵاقدراو** |
| **ثیب** | **بێوەژن** |
| **مطفل** | **منداڵدار** |

وشەی مێینە بە هەرسێ جۆرەکەیەوە لە ڕستەسازی عەرەبیدا ڕێزمان و دەستووری تایبەتی خۆی هەیە، کە بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیان خەینەڕوو:ـ

یەکەم: نیشانەی مێینە پێویستە بەدوای ئاوەڵناوەوە بلکێنرێ، ئەگەر هاتو ئەو ئاوەڵناوە لە ڕستەیەکدا بۆ ڕوونکردنەوەی ناوێك هاتبوو وەکو ئەم ڕستەیە **(تنجح البنت المجتهدة فی الحیاة)، واتە (کچی کۆششکەر لە ژیاندا سەردەکەوێ).** وشەی (البنت) واژەیەکی مێینەیی گشتییە، دەشێ تەمەڵ بێ و دەشێ تەمەڵ نەبێ، جا قسەکەر کە بیەوێ بە ئاوەڵناوێك ڕوونی بکاتەوە و تایبەتییەکەی بخاتەڕوو پێویستە نیشانەی مێینە بخاتە پاڵ ئاوەڵناوی (المجتهد) و بڵێ (المجتهدة) لە زمانی عەرەبیدا هەندێ ئاوەڵناو هەیە، لەگەڵ

نێرینەدا پێویستییان بە نیشانەی مێینە نییە، ئەو ئاوەڵناوانەش لەبەر تیشکی ئەم کێشانەی خوارەوەدا دەست نیشان کراون:ـ

١ـ کێشی (مفعل)، کە دەنگی میمەکەی بە (کسرة) بزوێنراوە و (ف) فاکەی بێ بزوێنە و (ع) عەینەکەی فتحەدارە، وەکو ئاوەڵناوی (مِقْوَلْ)، واتە قسەزان و ئەوقات و ئاوەڵناوی (مغشم) واتە (نەبەز)، لە عەرەبیدا دەوترێ:ـ

**(هذه امرأة مقول)، واتا (ئەمە ئافرەتێکی قسەزانە) و (هذا رجل مقول) واتا (ئەمە پیاوێکی قسەزانە)، (تلك مناضلة مغشم)، واتا (ئەوە خەباتگێڕێکی نەبەزە)، (ذلك مناضل مغشم) واتا (ئەوە خەباتگێڕێکی نەبەزە).**

٢ـ کێشی (مِفعال)، کە دەنگی میمەکەی دووبارە بە (کسرة) بزوێنراوە و بزوێنی ئەلف خراوەتە پاش (ع) عەینەکەیەوە وەکو ئاوەڵناوی (مِعطار)، واتە ئەو کەسەی خووی ئەوەیە زۆر بۆنی خۆش لەخۆی دەدا.

عەرەب دەڵێ: **(اقبلت امرأة معطار)، واتە (ئافرەتێکی هەمیشە بۆنی خۆش لەخۆی دەدات) (اقبل رجل معطار)، واتە (پیاوێکی هەمیشە بۆنی خۆش لەخۆی دەدات).**

٣ــ کێشی مفعول، کە ماناکەی ناوی بکەرە، واتە (اسم الفاعل)ە، وەکو ئاوەڵناوی صبور: خوڕاگر، ئاوەڵناوی (حنون) دڵ نەرم.

عەرەب دەڵێ:

**انت طالبة صبورة: تۆ قوتابییەکی خۆڕاگری.**

**فاطمة ام حنون: فاتیمە دایکێکی دڵ نەرمە.**

**انت طالب صبور: تۆ قوتابییەکی خۆڕاگری.**

**محمد اب حنون: محەمەد باوکێکی دڵ نەرمە.**

٤ـ کێشی (فعیل)، کە بە مانای ناوی پێکراو، واتە (اسم المفعول) هاتووە.

وەکو ئاوەڵناوی (قتیل): کوژراو، ئاوەڵناوی (ذبیح): سەربڕراو.

عەرەب دەڵێ:ـ

**هذه امرأة قتیل: ئەمە ژنێکی کوژراوە.**

**هذا رجل قتیل: ئەمە پیاوێکی کوژراوە.**

**هذه بقرة ذبیح: ئەمە مانگایەکی سەربڕاوە.**

**هذا ثور ذبیح: ئەمە گایەکی سەربڕاوە.**

دووەم: ئەگەر هاتو فرمانی ڕابوردوو خرایە پاڵ بکەرێکی مێینەوە، کۆنسینەنتی دەنگی (ت) تێی مێینە دەلکێنرێ بەو فرمانەوە، وەکو نیشانەیەك کە دەلالەت لەسەر مێینەی بکەرەکە دەکات.[1] جا ئەو بکەرە مێینەیەکی حقیقی و ڕاستەقینە بێت، وەکو ڕستەی **(فاطمة نجحت)**، واتە **(فاتیمە دەرچوو)** یاخود مێینەیەکی خوازەیی مجازی بێت وەکو ڕستەی **(الشمس طلعت)**، واتە

---

[1] ــ بڕوانە کتێبی شرح ابن عقیل، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (٤٧٦)، چاپخانەی دار احیاء التراث العربي ـ بیروت ـ لبنان.

**(هەتاو هەڵهات)** ئەم بنەواشەیە هەڵبەت ڕێ پیشان دەرێکی گشتییە، چونکە لە درێژەپێدانیدا جۆرە جیاوازی دەچەسپێنرێ.

جۆری یەکەم: پێویستی لکاندنی کۆنسینەنتی (ت) تێی مێینە بە فرمانەکەوە، ئەمیش لە دوو حاڵەتدا دەبێت:

حاڵەتی یەکەم: ئەگەر هاتو فرمانەکە درابووە پاڵ ڕاناوێکی نادیار، جا ئەو ڕاناوە گەڕابوبێتەوە بۆ سەر مێینەیەکی ڕاستەقینە یاخود مێینەیەکی خوازەیی، وەکو **(هند اقبلت) (هند هات). (الحرب نشبت) (شەڕ هەڵگیرسا).**

بەڵام ئەگەر هاتو ڕاناوەکە لکێنراو نەبوو، دوا بەدوای فرمانەکەوە نەهاتبوو، ئەو فرمانە پێویستی بە کۆنسینەنتی (ت)ێی مێینە نییە، وەکو ئەم ڕستەیە، کە دەڵێ: **(هند ما نجح الا هي) واتە (جگە لە هند کەس دەرنەچووە).** هەروەکو لەو ڕستەیەدا تێبینی دەکرێ، ڕاناوی (هی) لکێنراو نییە دوا بەدوای فرمانەکەوە نەهاتووە، بەڵکو لە نێوانیاندا ئامرازی (الا) بەکارهێنراوە، بۆیە فرمانی (نجح) کۆنسینەنتی دەنگی (ن)ی مێینەی وەرنەگرتووە.

حاڵەتی دووەم: ئەگەر هاتو بکەری فرمانەکە ناوێکی مێینەی ڕاستەقینەی دیاربوو، وەکو لە **(فازت زینب)، واتە زینب سەرکەوت.**

جۆری دووەم: پێویستی نەبوونی لکاندنی کۆنسینەنتی دەنگی (ت) تێی مێینە بە فرمانەکەوە، بە مانای ئەوەی لەم بارەیەدا دەشێ لەگەڵ فرمانەکەدا ئەم نیشانەیە بێت و دەشێ فەرامۆش بکرێت و نەهێنرێ: ئەمەش لە دوو حاڵەتدا دەبێت:ـ

حاڵەتی یەکەم: ئەگەر هاتو بکەری فرمانەکە مێیەنەیەکی خوازەیی بوو وەکو ڕستەی **(طلعت الشمس) (نشبت الحرب)**، کە بۆت هەیە بڵێیت: **(طلع الشمس) (نشب الحرب).**

حاڵەتی دووەم: ئەگەر هاتو بکەری فرمانەکە مێینەکی ڕاستەقینەبوو، بەڵام لە نێوان فرمانەکە و بکەرەکەیدا وشەیەك **هاتبوو**، وەکو ڕستەی:-

**(فازت اليوم هند)،** چونکە لە نێوانی فرمانی (فاز) و بکەرەکەی (هند) وشەی (اليوم) هاتووە.

## جۆری سێیەم: جێناوی جودا (الضمير المنفصل)

بۆ نێرینە و مێینە لەم وێنانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێت:-

یەکەم: (انا) واتە (من) بۆ قسەکەری تاکی نێرینە و مێینە، وەکو:

| **مێینە** | **نێرینە** | **واتا** |
|---|---|---|
| **انا معلمة** | **انا معلم** | **من مامۆستام** |

دووەم:(نحن) واتە (ئێمە) بۆ دوێنەری کۆی نێرینە و مێینە:

| **مێینە** | **نێرینە** | **واتا** |
|---|---|---|
| **نحن معلمات** | **نحن معلمون** | **ئێمە مامۆستاین** |

سێیەم:(انت) واتە (تۆ) بۆ قسەبۆکراوی مێینە تاك، وەکو:

**(انتِ معلمة) واتە (تۆ مامۆستایت).**

چوارەم:(انت) واتە (تۆ) بۆ قسەبۆکراوی نێرینەی تاك، وەکو:ـ

**(أنتَ معلم) واتە (تۆ مامۆستایت).**

پێنجەم:(انتما) بۆ دوو کەسی قسەبۆکراوی مێینە و نێرنینە، وەکو:

| مێینە | نێرینە | واتا |
|---|---|---|
| **انتما معلمتان** | **انتما معلمان** | **هەردووکتان مامۆستان** |

**شەشەم:(انتُنَّ) واتە (ئێوە) بۆ قسەبۆکراوی مێینەی کۆ، وەکو:**

**(انتُنَّ معلمات) واتە (ئێوە مامۆستان).**

حەوتەم:(انتم) واتە (ئێوە) بۆ قسەبۆکراوی نێرینەی کۆ، وەکو:

**(انتم معلمون) واتە (ئێوە مامۆستان).**

هەشتەم:(هي) واتە (ئەو) بۆ کەسی ئامادەنەبووی مێینەی تاك، وەکو:ـ

**(هي معلمة) واتە (ئەو مامۆستایە).**

نۆیەم: (هو) بۆ کەسی ئامادەنەبووی نێرینەی تاك، وەکو:

**(هو معلم) واتە (ئەو مامۆستایە).**

دەیەم:(هما) بۆ دوو کەسی ئامادەنەبووی مێینە و نێرینە، وەکو:

| مێینە | نێرینە | واتا |
|---|---|---|
| **هما معلمتان** | **هما معلمان** | **هەردووکیان مامۆستان** |

یانزەیەم:(هن)، واتە (ئەوان) بۆ کەسی ئامادە نەبووی مێینەی کۆ، وەکو:

**هن معلمات . واتە ئەوان مامۆستان.**

دوانزەیەم: (هُم)، واتە (ئەوان) بۆ کەسی ئامادەنەبووی نێرینەی کۆ، وەکو:ـ

**(هم معلمون)، واتە (ئەوان مامۆستان).**

**جۆری چوارەم: ڕاناوی لکاو**

دیسانەوە لە وشەی نێرینەوە بۆ وشەی مێینە لە ڕستەدا بەم چەشنە دەگۆڕێ:-

یەکەم:ڕاناوی لکاوی قسەکەر چ تاك بێ چ کۆمەڵ بۆ نێرینە و مێینە یەك وێنەی هەیە و ناگۆڕێ.

قسەکەری تاکی نێرینە و مێینە دەڵێ: **(ذهبت الی السوق) واتە (چووم بۆ بازاڕ).**

**هەروەها** قسەکەری کۆیش لەهەردوو حاڵەتدا دەڵێین **(ذهبنا الی السوق) واتە (چووین بۆ بازاڕ).**

دووەم: ڕاناوی لکاوی قسەبۆکراو بە گوێرەی ژمارە و نێرینەی و مێینە جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازیەش لەم وێنانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێت:

أ ـ ئەگەر هاتو فرمانەکە ڕابوردوو بوو و، قسە بۆکراوەکە مێینە بوو، ڕاناوە لکاوەکەی (ت) تێیەکی ژێردار دەبێت، واتە (تاء المکسورة)، وەکو:

**(أنتَ اخلفتَ الموعدَ) واتە (تۆ بەڵێنەکەت بەجێ نەهێنا).**

بەڵام ئەگەر هاتو قسەبۆکراوەکە نێرینە بوو، ڕاناوە لکاوەکەی تێیەکی (ت) سەردار دەبێت، واتە (تاء المفتوحة)، وەکو:-

**(أنتَ اخلفتَ الموعدَ). واتە (تۆ بەڵێنەکەت بەجێ نەهێنا).**

ئەگەر قسەبۆکراوەکە دووان بوون واتە (مثنی) بوو لەگەڵ مێینە و نێرینەدا ناوی لکاوی (انتما) دێت وەکو: **(انتما قمتما بالواجب)، واتە (هەردووکتان ئەرکەکەی سەرشانتان ئەنجامدا).**

کەچی ئەگەر هاتو قسە بۆکراوەکە مێینەی کۆ بوو، ڕاناوە لکاوەکەی (تُـنَّ) دەبێت وەکو:ـ

**ـ انتُنَّ فُزتُنَّ بالجائزةِ.واتە (ئێوە خەڵاتەکەتان بەدەست هێنا).**

لەگەڵ نێرینەی کۆ ڕاناوە لکاوەکە (تُمْ) دەبێت، وەکو: **(انتم فُزتُمْ بالجائزةِ)، واتە (ئێوە خەڵاتەکەتان بەدەست هێنا).**

ب ـ ئەگەر هاتو فرمانەکە ڕابوردوو نەبوو واتە کاتەکەی کاتی قسەکردن بوو یان داهاتوو بوو یان داخوازی بوو لەگەڵ قسـەبۆکراوی مێینـەی تـاك ڕانـاوی لکـاوی (ین) ساز دەکرێت، وەکو **(انتِ تشـترکین في العمـل)، واتـە (تـۆ لـە فرمانەکـەدا بەشداری دەکەیت).**

ڕاناوی لکاوی (ین) هەروەکو لە ڕێزمـانی عەرەبیـدا چەسـپاوە، دەنگـی (ن) نموونەکـەی نیشـانەی (بـۆری)، واتــە (رفــع)ی فرمانەکەیـەتی، بۆیـە لـەکاتی نەبوونی بزوێنی فرمانەکە، واتە (جزم الفعل) یان نصب فرمانەکە ئەو نوونە (ن) فڕێ دەدرێ، وەکو ئەم ڕستانە:ـ

**(أنتِ لم تشترکي في العمل)، واتە: تۆ لە کارەکەدا بەشداریت نەکرد.**

**(انتِ لن تشترکي في العملِ)، واتە: تۆ لە داهاتوودا بەشداری فرمانەکە ناکەیت.**

**(اشترکي في العمل)، واتە: لە فرمانەکەدا بەشداری بکە.**

ئەگەر هاتو قسەبۆکراو دوو کەس بوو بۆ مێینە و نێرینە یەك ڕاناوی لکـاو بەکاردێت، کە (ئەلف) و (نوون)ە، نوونەکەش دووبـارە نیشـانەی بۆرییـە، واتـە (الرفع) لە کاتی نەبزواندی فرمانەکە و لە کـاتی (نصـب)دا ئـەو نوونـە (ن) فـڕێ دەدرێ. بۆیە بۆ مێینە و نێرینەی دوو کەسی دەوترێ:

**ـ أنتما تزوران المريضِ . واتە: هەردووکتان سەر لە نەخۆشەکە دەدەن.**

لە کاتی نەبزواندنی فرمانەکە و نصب کردنیدا دەوترێ:

**ـ زورا المريض. واتە: هەردووکتان سەر لە نەخۆشەکە بدەن.**

**ـ أنتما لن تزورا المريض . واتە: ئێوە لە داهاتوودا سەر لە نەخۆشەکە نادەن.**

ئەگەر هاتو قسەبۆکراوەکە مێینە و کۆ بوو، ڕاناوە لکاوەکەی (ن) نوونێکی سەردار دەبێت، واتە (نون المفتوحة)، کە پێی دەوترێ (ن)(نون النسوة)، وەکو:

**ـ انتُنَّ تعملن للصالح العام. واتە: ئێوە بۆ بەرژەوەندی گشتی تێ دەکۆشن.**

ئەگەر هاتو قسەبۆکراوەکە نێرینە و کۆ بوو، ڕاناوە لکاوەکەی واوێک دەبێت، کە دەووترێ (واو الجماعة) لەگەڵ (نوونێکدا)، کە نیشانەی بۆری (الرفع)ی فرمانەکەیە، وەکو:

**ـ انتم تساعدون الفقراء. واتە: ئێوە یارمەتی هەژارەکان دەدەن.**

**سێیەم: ڕاناوی لکاوی ئامادەنەبوو (الضمير المتصل الغائب)**

دووبارە بەگوێرەی فرمانەکەی و مێینەی و نێرینەی وێنەکەی بەم جۆرەی خوارەوە دەگۆڕێ.

أ ـ ئەگەر هاتو فرمانەکە ڕابوردوو بوو و کەسە ئامادەنەبووەکە مێینەیەکی تاك بوو، ئەو فرمانە (ت) تێیەکی نەبزوێنراوی پێوە دەلکێنرێ، کە پێی دەوترێ (تاء التأنيث الساكنة). وەکو:ـ **المهندسة فازت بالهدية . واتە: ئەندازیارەکە خەڵاتەکەی وەرگرت.**

بەڵام ئەگەر هاتو ئامادەنەبوو نێرینە بوو، فرمانەکە پێویستی بە ڕاناوی لکاو نییە، وەکو:ـ **ـ المهندس فاز بالهدية. واتە: ئەندازیارەکە خەڵاتەکەی وەرگرت.**

ئامادەنەبوو ئەگەر هاتو دوو کەس بوو، بۆ مێینە و نێرینە یەك ڕاناوی لکاو بەکاردێت، کە (ألف الاثنين)ە، هەرچەندە لەگەڵ مێینەدا (ت) تێی نەبزوێنیش پێش ئەم ڕاناوە بە فرمانەکەوە دەلکێنرێ، وەکو بۆ مێینە دەووترێ:ـ

**ـ البنتانِ نجحتا. واتە: دوو کچەکە دەرچوون .**

بۆ نێرینە دەووترێ:ـ

**ـ الولدانِ نجحا. واتە: دوو کوڕەکە دەرچوون.**

لەگەڵ ئامادە نەبووی مێینەی کۆدا، (نون النسوة) بە فرمانە ڕابوردووەکەوە دەلکێنرێ، وەکو:

**ـ العاملات ناظلن ضد الاستعمار. واتە: کرێکارەکان دژی ئیمپریالیزم خەباتیان کرد.**

بەڵام ئەگەر هاتو نێرینە بوو، فرمانەکەی (واو الجماعة) وەردەگرێ، وەکو:

**ـ العمال ناضلوا ضد الاستعمار. واتە: کرێکارەکان دژی ئیمپریالیزم خەباتیان کرد.**

ب ـ ئەگەر هاتو فرمانەکە ڕابوردوو نەبوو، واتە سەردەمەکەی سەردەمی قسەکردن و داهاتوو بوو، لەگەڵ ئامادەنەبووی مێینە و نێرینەی تاك، ناوی لکاو بەکارناهێنرێ، وەکو:

بۆ مێینە دەووترێ :

**ـ هي تؤلف كتاباً في النحو. واتە: ئەو لە ڕێزماندا کتێبێك دادەنێ.**

بۆ نێرینە دەوترێ:

**ـ هو يؤلف كتاباً فى النحو. واتە: ئەو لە ڕێزماندا کتێبێك دادەنێ.**

ئەگەر هاتو ئامادەنەبووەکە دوو کەس بوو، بۆ مێینە و نێرینە (الف الاثنين) لەگەڵ فرمانە ناڕابوردووەکەدا سازدەکرێت، وەکو:ـ

ئەم ڕستەیە کە بۆ مێینە و نێرینەی دوو کەسی بەکاردێت و دەووترێ[1]:

**ـ هما يحرثن الحقل. واتە: ئەوان کێڵگەکە دەکێڵن.**

بەڵام لەگەڵ ئامادەنەبووی کۆدا، ڕاناوەکە دەگۆڕێ:ـ

بۆ کۆی مێینە (نوون النسوة) بەکاردێت و دەوترێ:ـ

**ـ هن يحرثن الحقل. واتە: ئەوان کێڵگەکە دەکێڵن.**

بۆ کۆی نێرینە (واو الجماعة) ساز دەکرێت و دەوترێ:ـ

**ـ هم يحرثون الحقل. واتە: ئەوان کێڵگەکە دەکێڵن.**

---

١ – بۆ مێینە لەم ڕستەیەدا، دەبێ ئاگامان لەوەبێت، کە دەنگی (یا) (ی) مضارع دەبێ بە (ت) و دەووترێ (هما تحرثان الحقل).

## پێنجەم: ناوی ئیشارەت

که دەلالەت لەسەر دەست نیشان کردنی کەسێك یان شتێك دەکات، بە گوێرەی مێینە و نێرینەی نزیك[1] و دووری ئەو شتەی، کە واژەکەی لەبەر تیشکی ئەم دەستوورانەی خوارەوەدا دەگۆڕێ:

یەکەم: ئەگەر هاتو ئەو شتە مێینە و نزیك و تاك بوو، ناوی ئیشارەکەی ( هـذة) دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتو مێینە نەبوو، (هذا) دەبێت، وەکو:

| مێینەی نزیکی تاك | واتا | نێرینەی نزیکی تاك | واتا |
|---|---|---|---|
| هـذه حيـةٌ | ئەمـە مارێکـە | هـذا تـنينٌ | ئەمـە ئەژدەمایەکە |

دووەم: ئەگەر هاتو مێینەی نزیك و دووان بوون، ناوی ئیشارەکەی (هاتان) دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتو مێینە نەبوو، (هذان) دەبێت، وەکو:

| مێینەی نزیکی جووت | واتا |
|---|---|
| هاتان امرأتان | ئەمانە دوو ژنن |

---

[1] ــ لە ڕێزمانی عەرەبیدا چەسپاوە، کە (ها) لە وشەی (هذا، هذه) و هەموو لە ناو ئیشارەتەکاندا بۆ تەنبیهە و سەرنج ڕاکێشانە و ناوی ئیشارەی ڕاستەقینە (ذا)، (ذه)یە. بڕوانە کتێبی جامع الدروس العربية للشيخ مصطفى الغلاييني ـ مكتبة العصرية (صيدا ـ بيروت) ج،١، ل ١٢٨.

| | |
|---|---|
| **نێرینەی نزیکی جووت** | **واتا** |
| **هذان رجلان** | **ئەمانە دوو پیاون** |

سێیەم: ئەگەر هاتو ئەو کەسانە کۆ بوون، مێینە بوون یا نێرینە، ناوی ئیشارەکەی (هؤلاء) دەبێت، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **مێینەی کۆ** | **واتا** | **نێرینەی کۆ** | **واتا** |
| **هؤلاء طالباتٌ** | **ئەمانە قوتابین** | **هؤلاء طلابٌ** | **ئەمانە قوتابین** |

چوارەم: کەس و شتی ئیشارەت بۆکراو لە ڕووی نزیکی و دوورییەوە سێ پلەیە:

أ ـ ئیشارەت بۆکراوی نزیك هەر ناوە ئیشارەتەکانی پێشوو دەبن.

ب ـ ئەگەر هاتو کەس و شتەکە لە ڕووی نزیکی و دوورییەوە مام ناوەندی بوو، واتە نە نزیك بوو نە دوور ،دەنگی (ك) کاف دەخرێتە سەر ناوی ئیشارەتەکە و (هذا) دەبێت بە (ذاك) و (هذه) دەبێت بە (تلك) [1]... هتد.

ج ـ ئەگەر هاتو ئیشارەت بۆکراوەکە دووربوو، ناوی ئیشارەتەکەی دەنگی (لام) دەنگی (کاف) وەردەگرێت و دەوترێ (ذلك)، (تلك).

---

[1] – هەندێ لە زاناکانی ڕێزمانی عەرەبی ڕایان وایە، کە جگە لە واژەی (هذه) واژەی (ة) بۆ مێینەی نزیك بەکاردێت، بۆیە واژەی (تلك) لە واژەی (ت)ەوە سازکراوە.

پێنجەم: ناوی گەیاندن لە زمانی عەرەبیدا، کە دەلالەت لەسەر کەسێك یان شتێکی دەست نیشانکراو بەهۆی ڕستەکەی پاشەوەی دەکات، لە ڕووی مێینە و نێرینەوە دوو جۆرە:ـ

١ـ جۆری یەکەم: ناوی گەیاندنی هاوبەش کە بۆ مێینە و نێرینەی تاك و جووت و کۆ یەك واژەی هەیە. وەکو: (مَنْ) و (ما) دەووترێ:ـ

**ـ نجحت مَنْ اجتهدتْ. واتە: ئەوەی کۆششی کرد دەرچوو.**

هەروەها دەوترێ: **نجح مَنْ اجتهدْ. واتە: ئەوەی کۆششی کرد دەرچوو.**

ب ـ جۆری دووەم:ناوی گەیاندنی تایبەت (اسم موصول فاصل)

که بە گوێرەی مێینە و نێرینە و ژمارەی ناوە گەیانراوەکە، لەبەر تیشکی ئەم بنەواشانەی خوارەوەدا واژەکەی دەگۆڕێ:

١ـ واژەی (الذي) بۆ نێرینەی تاك، و (اللذان) بۆ نێرینەی جووت، (الذین) بۆ نێرینەی کۆ.

| نێرینەی تاك | نێرینەی جووت | نێرینەی کۆ |
| --- | --- | --- |
| **افلح الذي اجتهدت**[١] | **افلح اللذان اجتهدا**[٢] | **افلح الذین اجتهدوا**[٣] |

---

[١] ـ واتە ئەوەی تێکۆشا سوودی وەرگرت.

[٢] ـ ئەوانەی تێکۆشان سوودیان وەرگرت.

[٣] ـ واژەی (اللذان) لە حاڵەتی بکەر و نیهاددا دەبێت واتە ئەگەر هات و (مرفوع) بوو، ئەگەر تەواوکەربوو یان ئامرازی جەڕ چووبووە سەری یان مضاف الیە دەبێت بە (اللذین).

٢ــ واژەی (الــتي) بــۆ مێینــەی تــاك و واژەی (اللتــانِ) [1] بــۆ مێینــەی جــووت و واژەی(اللاتـی) (اللواتـی)،(اللائـی) بۆ مێینـەی کۆ، وەکو:

| **مێینەی تاك** | **مێینەی جووت** | **مێینەی کۆ** |
| --- | --- | --- |
| **افلحت التي اجتهدت.** | **افلحت اللتان اجتهدتا.** | **افلحنَ اللاتي اجتهدن.** |

٣ـ واژەی (الاولی) بۆ نێرینه و مێینـەی کۆ بەکاردەهێنرێ، وەکو:

| **نێرینەی کۆ** | **مێینەی کۆ** |
| --- | --- |
| **افلح الاولی اجتهدوا** | **افلحن الاولی اجتهدن** |

[1] ــ واژەی (اللتان) به هەمان بنەواشەی پەراوێزی پێشەوە دەبێت به (اللتین).

## نەناسێنراو و ناسراو (النكرة والمعرفة)

ناو کە بەشێکە لە بەشەکانی وشە، خۆی لەخۆیدا نە (ناسراوە) و (نەناسێنراوە)، بەڵکو بەگوێرەی مەبەست و بەکارهێنانی لە ڕستەیەکدا یەکێك لەو دوو تایبەتییە وەردەگرێ: واتە دەبێ بە ناسراو یاخود بە نەناسێنراو.

ئەم ڕاستییە زمانییە لەبەر تیشکی بەراوردکاری زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا چەند بنەواشەیەکی ڕوونکەرەوەی چەسپێنراوی هەیە:ـ

یەکەم: ناو لە زمانی کوردیدا کە دەلالەت لەسەر کەسێك یان شتێك دەکات، لە بناغەدا واتایەکی گشتی دەبەخشێ، وەکو وشەی (پیاو) کە ئاوەڵناوێکە بۆ هەموو ئادەمیزادێکی نێرینە، هەروەها وشەی (درەختیش) هەموو جۆرە درەختێك دەگرێتە خۆی، کە تایبەتی جیاکەرەوەی هەیە لە چەشنەکانی دی ڕووەك. سەرئەنجام کە لە ڕستەیەکدا دەڵێین:

**ـ پیاو باوکی خێزانە.**

مەبەستمان هەموو پیاوێکە لەسەر ئەم زەوییەدا. بەم پێوەرە ئەگەر هاتو وتمان: درەخت نیشانەی ژیانە، مەبەستمان باسکردنی هەموو جۆرە درەختێکە و لە هەموو وڵاتێکدا.

ئەم جۆرە ناوە لە ڕێزمانی کوردیدا پێی دەوترێ ناوی گشتی، چونکە تایبەتی نییە بە ئەندامێك لە ئەندامەکانی واتاکەی و لەسەر شتێك لە شتەکانی بەند نییە.

لە زمانی عەرەبیدا ئەم جۆرە ناوە پێویستی بە چەشنە ئامرازێکی (ال) هەیە، کە پێی دەوترێ (ال الجنسية)، واتە (ئەلی ڕەگەزی)، بۆیە کە ئەو دوو

ڕستەیەی سەرەوە لە زمانی کوردییەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی دەوترێ:ـ

**ـ الرجل اب الاسرة.**

**ـ الشجرة علامة الحياة.**

ئامرازی (ال الجنس) لە زمانی عەرەبیدا دوو بەشە:ـ

بەشی یەکەم: (أل الجنسي)ی، کە بۆ داپۆشینی ئەندامەکانی ڕەگەزێك یان نواندنی گشت تایبەتییەکانی بەکاردێت:ـ

نموونەی (ال الجنسیة) بۆ داپۆشینی ئەندامەکانی ڕەگەزێك ئەم ئایەتە پیرۆزەیە:ـ

**ـ خلق الانسان ضعيفاً. واتە: ئادەمیزاد کە بەلاوازی خولقاوە.**

نموونەی (ال الجنسیة) بۆ نواندنی تایبەتییەکانی ڕەگەزێك وشەی (الرجل) لەم ڕستەیەدا کە دەڵێ: (انت الرجل)، واتە تۆ هەموو تایبەتییە بەرزەکانی ڕەگەزی پیاو کۆدەکەیتەوە.

نیشانەی (ال الجنسیة)، کە بۆ داپۆشینی ئەندامەکانی ڕەگەزێك یان نواندنی گشت تایبەتییەکانی بەکاردێت، ئەوەیە دەتوانین وشەی (کل)، واتە هەموو لە جیاتیدا بەکاربهێنین. بۆیە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا دەتوانین بڵێین **(خُلِقَ کل انسان ضعيفاً)**، هەروەها لە ڕستەکەدا دەتوانین بڵێین:

**ـ انت کل رجل فی الصفات.**

بەشی دووەم:(أل الجنسية)، کە بۆ درکاندنی ڕاستی و سروشت و چۆنیەتی ڕەگەزێك سازدەکرێت، وەکو ئەم ڕستە فەلسەفییە، کە دەڵێت:ـ

**ـ الانسان حیوان ناطق. واتە: ئادەمیزاد گیانلەبەرێکی بیرکەرەوەیە.**

لەم ڕستەیەدا هەڵبەت (أل الجنسية) ئەوە ناگەیەنێ، کە هەموو ئەندامەکانی ڕەگەزی ئادەمیزاد بیردەکەنەوە و بە زمانێکی پاراو هەست و نەستیان دەردەبڕن، چونکە هەندێ ئادەمیزاد هەیە کۆئەندامی بیرکردنەوەیان ساخ و سەلیم نییە و زمانیان لاڵە و قسەکردنیان ڕەوان نییە، ئەم بەشە لە (أل الجنسية) هەندێ جار بە (أل الحقيقية)، (أل الماهية)، (أل الطبيعية)، واتە ئەلی ڕاستی و ئەلی چۆنیەتی و ئەلی سروشتی ناودەبرێ، کە نیشانەی جیاکەرەوەی لە بەشی یەکەمی (أل الجنسية)یەوە، ئەوەیە کە ناتوانین وشەی (کل) لە بریدا بەکاربهێنین. واتە ناتوانین بڵێین **(کل انسان حیوان ناطق)** بە مانای ئەوەی هەموو ئادەمیزادێك گیانلەبەرێکی بیرکەرەوەیە.

دووەم: ناو کە لە بناغەدا واتایەکی گشتی دەبەخشێ، ڕەنگە بەگوێرەی پێویست بکرێ بە ناوێکی دەست نیشانکراوی ناسێنراو، کە دوێنەر و قسەبۆکراو هەردووکیان لەمەوبەر ناسیویانە و باسیان لێ کردووە.

ئەم کارە ڕێزمانییە لە زمانی کوردیدا بە زاراوەی ناسێنراو پێناسە دەکرێت و بە یەکێك لەم پاشگرانەی خوارەوە سازدەکرێت:ـ

أ - پاشگری (کە) ئەگەر هاتو ناوەکە کۆتایی بە دەنگە بزوێنێك هاتبوو، وەکو:-[1]

| ناوی گشتی | ناوی ناسێنراو |
|---|---|
| مەسینە | مەسینەکە |
| دیوارکۆ | دیوارکۆکە |
| نانەوا | نانەواکە |

ب - پاشگری (ەکە) ئەگەر هاتو ناوە گشتییەکە کۆتایی بە دەنگێکی کۆنسینەنت هاتبوو، وەکو:

| ناوی گشتی | ناوی ناسێنراو |
|---|---|
| کەو | کەوەکە |
| بەردکێش | بەردکێشەکە |
| بەفرماڵ | بەفرماڵەکە |

لە زمانی عەرەبیدا ئەم جۆرە ناوە بە زاراوەی (المعرف بأل) دەخرێتە ڕوو، کە ئامرازی پێناسینەکەی بە دەربڕینی (أل العهدية) ناودەبرێ، واتە:

---

[1] - بڕوانە کتێبی ڕێزمانی کوردی، نوری عەلی ئەمین، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٧٠ .

ئـەو ئـامرازە (أل)ەی کـە وەکـو پێشـگرێك بـە نـاوێکی گشـتییەوە دەلکێنـرێ، بەنیازی هێنانەوە بیری قسەبۆکراو، کە لەمەوپێش پەیوەندی و عەهـدی لەگـەڵ ناوە ناسێنراوەکەدا هەبووە:ـ

وەکو ناوی (الرجل) لـەم ڕسـتەیەدا **(جـاء الرجـل)**، واتـە **(پیاوەکـە هـات)**، کـە لەمەوبەر باسمان لێ کردووە.

(أل العهدیة) لە ڕێزمانی عەرەبیدا سێ بەشە:ـ

بەشـی یەکـەم: (أل العهـدي الـذکري)، واتـە پێشـگری (أل)، کـە بـە ناوێکـەوە لکێنراوە لە پێشدا وتراوە، وەکو ئەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێت:ـ

**((کمـا أرسـلنا الی فرعـون رسـولا، فعصـی فرعـون الرسـول)) واتـە هـەروەها پێغەمبەرێکمان بۆ فیرعەون ناردو فیرعەون ملکەچی لە پێغەمبەرەکەی کرد.**

لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا وشـەی پێغەمبـەر دووجـار هـاتووە، جـاری یەکـەم نەناسـێنراوە.((کما ارسـلنا الی فرعـون رسـولا)). جـاری دووەم لەبـەر ئـەوە کـە لەمەوپێش وتراوە و دووبارەکراوەتەوە بە پێشگری (أل العهدی الذکری) پێناسە کراوە (فعصی فرعون الرسول).

بەشی دووەم:(أل العهدي الحضـوري)[1]، واتـە پێشـگری (أل) کـە بـە ناوێکـەوە لکێنراوە، لە کاتی قسەکردندا ئامادە و لەبەرچاودایە، وەکو ئەم ڕستەیە **(جئت الیوم)، واتە (ئەمڕۆ هاتم).** وشەی (الیوم) کە بە پێشـگری (أل) لـەو ڕسـتەیەدا ناسێنراوە هێشتا تێنەپەڕیوە و لەبەرچاوی دوێنەر و قسەبۆکراودا ئامادەیە.

---

[1] - جامع الدروس العربیة للشیخ مصطفی الغلایینی ـ مکتبة العصریة (صیدا ـ بیروت) ج١، ل ١٥٠.

بەشی سێیەم:(أل العهدی الذهني)، واتە پێشگری (أل) کە بە ناوێکەوە لکێنراوە لە مێشك و بیری دوێنەر و قسەبۆکراودا وێنەکەی لەمەوبەر چەسپاوە و یادگارێکی تۆمارکراوە. وەکو ئەم ڕستەیە، کە دەڵێ:

**ـ حضر الرجل. واتە: پیاوەکە ئامادەبوو.**

لەم ڕستەیەدا وشەی (الرجل) هەروەکو دیارە لە مێشك و بیری دوێنەر و قسەبۆکراودا یادگار و شوێنەوارێکی هەیە، بۆیە کە ئامادە دەبێت یەکسەر دەناسرێ و ئاشکرا دەبێت.

**نەناسێنراو (النكرة):**

ناوی گشتی هەندێ جار بۆ یەکێکی نەناسێنراو لەوانەی بەریان دەکەوێ، گیانلەبەر بێت یان بێ گیان بێت بەکاردەهێنرێ، ئەم بەکارهێنانە لە زمانی کوردیدا پێویستی بە پێشگرێك لەم پێشگرانە دەبێت:ـ

أ ـ پاشگری (ێ ـ ێك) ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە کۆنسینەنتێك هاتبێ، وەکو:

| **ناوی گشتی** | **ناوی نەناسێنراو** |
|---|---|
| **کتێب** | **کتێبێ ـ کتێبێك** |
| **پێنووس** | **پێنووسێ ـ پێنووسێك** |
| **هەنار** | **هەنارێ ـ هەنارێك** |

ب ـ پاشگری (یەك) ئەگەر هاتو ناوە گشتییەکە کۆتایی بە پیتە بزوێنێ هاتبێ، وەکو:

| ناوی گشتی | ناوی نەناسێنراو |
|---|---|
| مامۆستا | مامۆستایەك |
| کۆتەرە | کۆتەرەیەك |
| بەهێ | بەهێیەك |
| دەنکەجۆ | دەنکەجۆیەك |

لە زمانی عەرەبیدا ئەم جۆرە ناوە پێی دەوترێ (النکرة)، واتە نەناسێنراوە و بەوە پێناسە دەکرێت کە دەلالەت لەسەر تاقە کەسێك یان تاقە شتێکی نەناسێنراو دەکات، وەکو وشەی (کتاباً) لەم ڕستەیەدا.

**ـ قرأتُ کتاباً. واتە: کتێبێکی نەناسێنراوم خوێندەوە.**

نیشانەی (نکرة) لە زمانی عەرەبیدا نونێکی کۆنسینەنتە گۆ(تلفظ) دەکرێ، بەڵام بە پیتی نوون (ن) نانووسرێتەوە.ئەم نوونە (ن)ە کۆنسینەنتە لە حاڵەتی (نصب)ی ناوەکەدا، بە نیشانەی دوو (فتحە) دەردەبڕێ، وەکو:

**ـ ساعد الغنيُ محتاجاً. واتە: دەوڵەمەندەکە یارمەتی دەست کورتێکی دا.**

لە حاڵەتی (رفع)دا بە نیشانەی دوو (ضمة) دەردەبڕێ وەکو:

**ـ نجح طالب. واتە: قوتابییەك دەرچوو.**

لە حاڵەتی (جر)دا بە دوو (کسرة) ڕێنووس دەکرێ، وەکو:

**ـ سلمتُ علی رجل. واتە: سڵاوم لە پیاوێك کرد.**